نووسین و ئامادەکردنی
ئیبراهیم هەورامانی

منتدى إقرأ الثقافي

کامەران نەورۆز

www.iqra.ahlamontada.com

یاداشتەکانی شاهیدحاڵێک

پرۆژەی بە دیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامەی زارەکی

(5)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئیبراهیم هەورامانی

کامەران نەورۆز

یاداشتەکانی شاهیدحاڵێک

پرۆژەی بەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامە زارەکییەکان

زنجیرە (٥)

٢٠١٧

ناوی کتێب: کامەران نەورۆز

نوسین و ئامادەکردنی ئیبراهیم هەورامانی

بابەت: دیکۆمێنتاری

تایپ: ڕۆڤار ئیبراهیم

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: نزار نوری

تیراژ: ٧٥٠

چاپخانە: کارۆ

ژمارەی سپاردن: (   )ی ساڵی ٢٠١٧ی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی پێدراوە

لەسەر ئەرکی پارێزگاری پارێزگای هەڵەبجە بەڕێز عەلی عوسمان لەچاپ دراوە

پێشکەشە :

بەهاوژینم (جوان کوێخا عەلی) هەمیشە هاوکار و هاندەرم بووە،

بۆسەرخستنی ئەم پرۆژەیە

وەک پێشەکییەک بۆ ئەم کتێبە:

ئـــەم کتێبـــە دەبێتـــە پێنجـــەم کتـــێبی پـــرۆژەی بـەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامـە زارەکییـەکان، واتـە ئـەتوانین بڵێین هەنگاوێکمان ناوە بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لـە هـەنگاونان بەرەو دوامەنزڵ، گەشتن بـە هەوارگـە و دوامـەنزڵ هـەروا کـارێکی سـادە و ئاسـان نییـە، پێویسـتی بـە مانـدووبون و پشـوو درێـژی و بـەردەوامی هەیـە، بۆئـەوەی بتـوانین دواجـار هـەرهیچ نـەبێت پشـوویەك بـدەین و دڵمـان خـۆش بێـت کـە بـەردەوام بـووین، ماندوونەبوین، پشوودرێژ بوین توانیمان ئەو هەموو بەربەسـتانە بڕین کەلەپێناو گەیاندنی پەیامەکـەمان و گەشـتن بـەو ئامانجـەی کە خەونی لەمێژینەمان بووە.

کاتێك دەستم دایە کارکردن لەم پڕۆژەیە ئەوەم لەلا ڕوون بوو کە تەواوی ئەو بەربەستانە ناتوانن یان نابنە ڕێگر لەبەردەم بەردەوامبوونمدا، لای هەمووان ئاشکرایە بەربەست و ڕیگرییەکان زۆرن بۆ سەرخستنی پڕۆژەیەکی لەم چەشنە، بەلام گرنگ ئەوەیە تا چەند خۆڕاگرییمان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە پێویستە ئێمەش وەك نەتەوەی کورد و هاوشێوەی ئەو نەتەوانەی لەمێژووی سیاسییاندا ڕووبەڕووی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بوونەتەوە هەوڵی نەفەوتاندن و بەئەرشیف کردن و کۆکردنەوەی تەواوی بەلگەنامەکان بدەین، بەتایبەتی بەلگەنامە زارەکییەکان، بەلای منەوە هەوڵدانی زیاتر و زۆرترو زووتر بۆ بەئەرشیفکردن و تۆمارکردنی تەواوی ئەو بەلگەنامە زارەکییانەی کە دواجار دەبنە شاهیدحالێکی ڕاستگۆ و واقیع بین، کە دواجار وەك تەواوی ئەو گەلانەی ڕوبەڕوی جینۆسایدبونەتەوە سود لەم بەلگەنامانە وەربگرین.

ڕاستە کارکردن لەنێو ئەم پڕۆژەیە و سەرخستنی پڕۆژەکە ئەرکی گروپگەرایی و دەزگایەکی حکومییە کە پالپشتێکی تەواوی مادی و مەعنەوی هەبێت تا ببێتە هاندەرێکی جدی بۆسەرخستنی کارەکانی پڕۆژەکە. من نایشارمەوە هەر جارەی کەلەزنجیرەیەکی نوێی ئەم پڕۆژەیە بوومەتەوە، غەمی دابینکردنی خەرجی چاپ و بلاوکردنەوەی بووەتە بەربەست و زۆر جار بۆماوەیەك کتێبەکە لەچاپ وبلاوبوونەوە وەستاوە و دواتر بە هەوڵی چەند

کەسێکی دڵسۆز توانراوە بەسەر ئەم کێشەیەدا سەربکەوین بەڵام چارەسەری تەواوەتی بۆ ئەم گرفتە نەدۆزراوەتەوە، بەلای منەوە پێویستە لایەنی پەیوەندار بەتایبەت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، وەك هەستکردن بە مەسئولیەت ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرن کە ببێتە هاوکار و پاڵپشتی ئەو نووسەرانەی بەردەوام لەهەوڵدان و کار لەم مەسەلەیەدا دەکەن.

چونکە مەسەلەیەکی گرنگی لەم چەشنە کە دواجار تەنیا ئەوە نەتەوەکەمانە دەبێتە سودمەندی یەکەم لێی و دەبێتە خاوەنی گەورەترین کتێبخانەی ئەرشیفی و بەڵگەنامەیی.

لەکۆتاییدا بەهیوام بتوانم تەواوی ئەو هەموو گرفت و بەربەستانە ببڕم کەلەپێناو سەرخستن و گەیشتن بە دوامەنزڵ بونەتە ڕێگر، هیوادارم لەگەڵ هەڵکشانی ژمارەی زنجیرەکانی ئەم پرۆژەیە هەڵەو کەموکورییەکانمان کەم ببێتەوە و ئێوەش بەسەرنج و پێشنیار و تێبینیەکانتان هاوکار و پشتیوانی بەردەوامان بن.

ئیبراهیم هەورامانی

٢/شوباتی /٢٠١٧

بۆ کاریکی ناوازە!

دەمێ ساڵە دوورو نزیك نووسەرو شاعیر هاوڕێم "ئیبراهیم هەورامانی" دەناسم، بەلام لەم یەك دووساڵەی کۆتایی و بەتایبەتتر، ئەمساڵ ٢٠١٧ بەهۆی ئیش و کارەوە زیاتر تێکەلاویمان پەیدا کرد. ئەمەش دەرفەتی زیاتری رەخساند، لە خەون و پرۆژەکانی ئەوان تێبگەم، بۆیە کاتێك دەقی چاوپێکەوتنەکەی "کامەران نەوروز"ی بۆناردم و شانازی ئەوەی پێبەخشیم ئەمەی لەسەر بنوسم، لەلایەك هەستم بە خۆشحالی کردو لەلایەمی تریشەوە تەزگرتمی، بۆ؟

چونکە پێشووترو هەر ئەمساڵ ٢٠١٧، ئێمە لەدەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدو ئەنفال، زنجیرەی چوارەمی "یاداشتەکانی شایەتحالێك"ی نووسەرمان چاپ و بلاوکردەوە، کە چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ کاك لوقمان عەبدل قادر وەك قوربانی و دەربازبووی کیمیابارانی هەڵەبجە، کاتێك وەك ئەرك سەرقاڵی خوێندنەوەی بووم، گیانم دەلەرزی و لە زۆر جێگا دەوەستام و بیرم دەکردەوەو لەخۆم دەپرسی ئایا من یاداشتی قوربانییەك دەخوێنمەوە یان ئەفسانە؟ ئەزانن بۆ؟

چونکە مەگەر لوقمان و لوقمانەکانی بەرکەوتووی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بزانن ئێشی ئەو برینەی رژێمی بەعس کردیە گیانی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان، چەندەو

چەندیش بە سوێ و ئازارە؟ هەر لەبەر ئەمەش تەزگرتمی و گوشیمی لە بەرامبەر خوێندنەوەی "یاداشتەکانی کاك کامەران نەورۆز" لە بارەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، چونکە دەمزانی ئەویش وەك کاك لوقمان چیرۆکی ئازارێك باس دەکات و دەگێڕێتەوە، وێنەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەنە؟!

من یاداشتەکانی "کاك کامەران"م خوێندەوە، نەم دەزانی چۆن وابکەم و لە وێستگەیەکیدا راوەستم و بڵێم ئیتر تەواو! ئاخر ئەمە یاداشتێکی ئاسایی نیە، تا تۆ بێی و راگوزەرانە بیخوێنیتەوەو لەبیرت بچنەوە، بەڵێ ئەمە هەڵدانەوەی لاپەڕەی زامێکە بۆ هەمیشە کۆتایی نیەو نایە! کەواتە چۆن بتوانین لە ئاست زامێکی وا، تەزوو بە گیانمانا نەیەت و دەست لەسەر سینگ بۆی رانەوەستین؟ هەر وتنێکی تر، لە بارەی یاداشتەکانی کامەران نەورۆز زیادن و تەنها گێڕانەوەکانی خۆی و خوێندنەوەیان دەتوانن رستێك لە حەقیقەتی تاڵمان بخەنە پێشچاو یان بەردەست؟

ئەوەی ماوەتەوەو پێویستە دووقسەی لە بارەوە بکەین، ئەوەیە ئەم کارەی هاوڕێی نووسەرو خەمخۆرمان "ئیبراهیم هەورامانی" دەستی داوەتێ و چوەتە ژێرباری، تا ئێستا "٥" زنجیرەی بەناو نیشانی "یاداشتەکانی شایەتحاڵێك" لێ چاپ و بلاوکردوەتەوە، بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە، گەورە لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی و هاوکات لە ئاستی تاکیش، کە بێزیاد رۆیی

جێگای ڕێزو نرخاندنێکی گەورەیە. ئەوەشی کە جێگای داخ و لە هەمانکاتـدا کەسـەرێکی گەورەیـە، ئەوەیـە کـە هێشـتا دۆکـۆمێنتکردنی یاداشـتەکانی شـایەتحاڵەکانی کیمیابـارانکردنی هەڵەبجە وەك هەموو تاوانەکانی تری وەك ئـەنفال و جینۆسـایدی فەیلییـەکان و جینۆسـایدی بەرزانیـەکان و ئێزدییەکانیشـی بێتـە سەر، نەبوەتە پڕۆژەیەکی نیشتمانی و لە چوارچێوەی دەزگایەکی نیشتمانیدا کۆ نەکراونەتەوە؟

بـە ئومێـدی ئـەوەی ئیـبراهیم هـەورامانی، وێـڕای کۆسـپ و تەگـەرەکانی بـەردەمی، ئـەم پڕۆژەیـە "دۆکـۆمێنتکردنی یاداشتەکانی شایەتحاڵەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجـە" ڕانـەگرێ و بەردەوام بێت، لەم کارو پڕۆژە گرنگ و بەبەهاو پیرۆزەی.

تەها سلێمان

٢٠١٧ سلیمانی

کامــەران نــەورۆز یــەکێکی تــرە لــەو هاووڵاتیانــەی لــە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا نیشتەجێ ی شاری هەڵەبجە بوەو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی کیمیابارانی ئەمشارە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی عێراقی ڕزگاری بووە، ڕزگاربوونی بەڵگەیـەکی زینـدو حاشـاهەڵنەگرە، کە بەپێچەوانەوە ڕژێمی بەعسی بەبەرنامـە هـەوڵی قـەتلوعامکردنی تـەواوی دانیشـتوانی شـارەکەی دابـو بـەڵام ئـەوەتا خۆشـبەختانە کامەران لەقوڵایی چاڵە گەرمەکانی ئەم دۆزەخەی بەعسیەکان بـە کڵپەی ڕقی دوژمنانەیان دروستیان کردبوو ، کامەران ئـیتر دەبێتـە ئەو شاهید حاڵەی بەئاشـکرا و دوور لەهـەموو چاوسـورکردنەوە و تۆقاندنێکی دوژمنان زۆر بەهێمنی و لەسـەرخۆ تـەواوی چۆنیەتی ڕودانــی ئــەو تاوانــە و قــەتلوعامکردنی ســەرجەم ئەنــدامانی خێزانەکـەی کـە بەبەرچـاوی خۆیـەوە قـەتلوعامکران بۆمـان

دەگێڕێتەوە، ساڵی ١٩٨٨ کامەران کوڕی نەورۆزی چایچی [١] ئەو کاتە تەمەنی (١١) یانزە ساڵ و چەند مانگێك بووە یەکێك بووە لەقوتابیەکانی پۆلی شەشەمی قۆناغی سەرەتایی لەقوتابخانەی بالانبۆ[٢]، خوێندنگاکەیان هێندە لەماڵەوەیان دوور نەبووە . کامەران لەگەڵ خێزانێکی حەوت کەسیدا دەژیا کە خێزانەکەی بێ لەدایك و باوکی پێکهاتبوون لە : (ڕزگار ١٩٦٩)، (ڕێبوار ١٩٧٣)، (دڵخواز ١٩٧٥)، (کامران ١٩٧٦)، کاروان ١٩٨٠)، (کارزان ١٩٨٦)، لەیەکێك لەماڵەکانی گەڕەکی کانی کوێرە[٣] نیشتەجێ بون، بەم دواییانە لەسەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردستان بە دەرفەتمان زانی

---

(١) نەورۆز : ناوی تەواوی نەورۆز حەیدر نەسروڵڵا یە و لەساڵی ١٩٤٣ لە ئێران لە دایك بووە، ناوبراو سەربەنەتەوەی تورکمان ی ئێران بوە و بە مالەوە هاتونەتە هەڵەبجە وبەماڵە تورکمانەکە ناسراوبون .پیشەی چایچیی بوو، چایخانەکەی لە نێو مەزادخانەکەی هەڵەبجەدا بوو، پیاوێکی رۆح سوك و قسەخۆش و نەرم و نیان بوو، هەمیشە دەوری قەرەباڵغ بوو.

(٢) قوتابخانەی بالانبۆ؛ لەسالی ١٩٨٨ دا ئەم قوتابخانەیە لە شوێنی قوتابخانەی گۆران ی ئیستادا و تەنیشت کتێبخانەی گشتیدا بوو

(٣) گەڕەکی کانی کوێرە، بەبەشێك لە گەڕەکی کانی قولکە ئەژمار دەکرێت و لەسالانی پێشوودا تا سالی ١٩٨٨ کانییەکی تێدا بوو کە سەرچاوەی ناوی خواردنەوەی مالانی دەوروپشت و زەوییە کشت و کاڵیەکانی ئەو ناوچەیە بوو .بەداخەوە لەم سالانەی دواییدا پڕکرایەوە و ئەما و شوێنەکەی کراوە بەخانوی نیشتەجێ بوون.

لەنزیکـەوە دیـداریکی لەگەڵـدا سـازبکەین، دەمـەو نیوەڕۆیـەکی یـەکێك لـەڕۆژەکانی مـانگی شـوبات دەسـتمان بـە گفتوگـۆ کـرد، کامـەران تـا ئێسـتاش بـەهۆی کاریگـەری چـەکی کیمیـاویی و بۆردومـانی کیمیـایی بـارانی هەڵەبجـە تەندروسـتی نـاجێگیرە بەتایبەت کۆئەندامی هەناسەدانی کە بەداخەوە زۆر جار دەبوە گرفـت بـۆی، وەك خـۆی دەیـوت :هـەتاکو ئـەمڕۆش مـن لـەژێر چـاودێری دکتۆرەکـەی خۆمـدام و هـەر شـەش مـانگ جارێـك بـۆ مەبەستی پشکنین دکتۆرەکەم دەبینم، ئـەو تـا ئێسـتاش سـەرباری ئـەو هـەموو پشـکنین و چارەسـەرە بەدەسـت نەخۆشـییەکەیەوە گرفتـارە ئـەو ووتـی : دکتۆرەکـان پێیـان ووتم : ئێمـە نـاتوانین چارەســەری یــەکجارەکی نەخۆشــییەکەتان بکــەین، بــەڵکو هەوڵـدەدەین نەخۆشـیەکەت زیـاتر تەشـەنە نـەکات، کامـەران بەدەست ئازاری سوتانەوەی بەشێکی زۆری قوڕگییەوە دەنـاڵێنێ . سـەرباری سـەختی ئـەم ئـازارەی توانیویـەتی لـەووڵاتی بـەریتانیا درێژە بەپرۆسەی خوێنـدن بـدات و بڕوانامـەی دیبلۆم لـە هایبـەر کۆلێژ و بڕوانامەی بەکارلۆریۆس و ماستەر لە زانکۆی پۆرتسمۆس لــەبواری زانســتی پزیشــکی بەدەســت بهێنێــتو ئێســتاش لــە نەخۆشـخانەی (ساوسـهامتۆن)لەبەشـی تاقیگـە کاردەکات . ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٢ بۆ کامەران دوا ڕۆژی چوونە قوتابخانەی بوو ، ئەو ڕۆژە لە قوتابخانەی بالآنبۆ لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا بـەرەو مـاڵ گەڕانـەوە، بویە دواهەمین ڕۆژی قوتابخانەیان بوو جارێکی دیکە نەگەڕایـەوە

هەمان قوتابخانە و هەمان پۆل. شەوی ١٢-١٣/٣/١٩٨٨ دەوروبەری یان نزیك بە کاتژمێر ١٢ ی شەوو تەوقە و تۆق لە لوتکە و بەرزاییەکانی (چیاکانی بالانبۆ و شنروێ)[1] و زنجیرە چیای هەورامان دەستی پێکرد و بەهۆی کپ و بێدەنگی شەوە وە دەنگی تەقەکە زۆر بەئاسانی دەگەیشتە ناوشار.تا دەمەو بەیان هەر بەردەوام دەنگی تەقە و گوللە تۆپ و هاوەن دەهات، لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی ڕۆژ هەرچەندە دەنگی تەقەکان زۆر کەمتر دەبیستران، بەڵام بۆردومانی تۆپە دور هاوێژەکان بۆ سەربازگەکەی دەڵەمەڕ[2]و سەربازگەی هەڵەبجە جاربەجاریش بە گوللە تۆپ و ڕاجیمە بۆردومان ناوشاری دەگرتەوە . سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٣/٣/١٩٨٨ جیا لەڕۆژەکانی تر سیمای شار سیمایەکی مەیدانی جەنگی پێوە دەبینرا، ترس و نائارامی باڵی بەسەر شارەکەدا کێشابوو بەچەشنێ تەواوی خەڵکەکە، ئەوانەی

---

(١) چیایی بالانبۆ: چیایەکی خاکی – بەردی بەرزە کەوتۆتە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجە و بەرزاییەکەی ١٥٦٠ مەتر دەبێت .چیایەکی ڕووت و بێ دارو درەختە بەڵام گژوگیای زۆرە بۆ ئاژەڵداری سودمەندە.
چیای شنروێ : چیایەکی خاکییە و بەرزاییەکەی (٢١١٠) مەترەو ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەوە، بەرزترین لوتکەی ئەم چیایە پێ ی ئەوترێت بەفری میری بەزۆری داری بەڕوو، قەزووان و گوێژی هەیە

(٢) سەربازگەی دەڵەمەڕ: سەربازگەیەکی یەکەی تۆپهاوێژی سوپا بوو دەکەوتە خوارووی گوندی دەڵەمەڕ لەڕۆژهەڵاتی شارەکە، ئەم سەربازگەیە بەناوی گوندەکەوە ناسراوبوو.

سـەرقاڵی کەسـابەت و دوکانـداریتی بـوون زۆربـەیان نـەو ڕۆژە دەرگـای دوکانـەکانیان نـەکردەوە.هەڵەبجـە لەوسـەردەمەدا وەك قەزایەك لەڕوی کارگێڕییەوە سەربەپارێزگای سلێمانی بـوو کـە ٨٧ کیلۆمـەتر لـە ناوەنـدی شـاری سـلێمانییەوە دوربـوو .ژمـارەی دانیشتوانەکەی بەپێ ی ئاماری ١٩٨٧ نزیکەی ٧٠٠٠٠ حـەفتا هـەزار کەس دەبوو ڕوبەری خاکەکەی (١٥٢٣) کیلۆمـەتر چوارگۆشـەبوە و (٧٢٦) مەتر لەئاستی دەریاوە بەرزە . ئاووهەوای مام ناوەنـدی یـە تەنیا لەچلەی زستاندا نەبێت ساردە و لەچلەی هاوینیشدا گەرمـە و ناوچەیەکی باراناوییە و سالانە بـەتێکڕا (٧٥٠) ملیمـەتر بـارانی لێدەبارێت.

بەشـێوەیەکی گشـتی ناوچـەیەکی دڵگیرو دڵڕفێنـە و لـەڕووی جوگرافییەوە تەواوی پێکهاتە جوگرافیاییەکانی تێدایە وەك ڕوبار و چیا و گرد و تەپەۆڵکە و دەشت و دارستان و خاوەنی زەوییـەکی بەپیتی کشتوکاڵییە کە بە زەوی شارەزوور ناسراوە .

بـەلام بەپێچـەوانەوەی هـەموو ڕۆژەکـانی تـرەوە دەنگـی هەڵگیرسـانی جـەنگ خـەڵکی شـارەکەی ڕوبـەڕوی چارەنوسـێکی نادیـار کردۆتـەوە، بـەردەوام دەنگـی تەقـە و تەقینـەوەی گوللـە تۆپـەکان، زیـاتر بوەتـە مایـەی تـرس و دڵـەڕاوکێ ونائـارامی بـۆ دانیشـتوانی شـارەکە .ئەمشـارە بـەهۆی نزیکـی لەسـنوری وولاتـی ئێرانـە و بـەردەوام بەدرێـژایی سـالانی جـەنگی عێـراق – ئێـران بوبویـە جـێ ئامـانجی تۆپـە دوور هاوێـژەکانی سـوپای کۆمـاری

ئیسلامی کە لەو نێوەندەدا سەدان هاوولاتی بێدیفاع شەهید و بریندار بون. هەرلەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران خەڵکی ئەمشارە بۆ خۆپاراستن لەناگری شەڕو هەرجۆرە زیانێکی گیانی زۆربەی زۆری خەلکەکە لەنێو ماڵەکانیاندا شوێنێکی ئارام و پەناگەیان بۆ خۆیان دروست کرد بەچەشنێ کە کەم ماڵی ئەمشارە هەبوو ژێرزەمینی نەبوبێت، ئەو ماڵەشی کە خاوەنی ژێرزەمین نەبوە لەکاتی شەڕو نائارامی پەنا بۆ ماڵی خاوەن ژێرزەمین بردوە و خۆی تێدا حەشارداوە .

ماڵی نەورۆزی چاپچیش یەکێکبوو لەو ماڵانەی خاوەنی ژێرزەمینی خۆیان بوون کامەران دەڵێ :

لەپاش بۆردومانە چڕەکەی ساڵی ١٩٨٥ بەڕاجیمە لەلایەن سوپای ئێرانەوە ژێرزەمینێکی زۆر ئەستوور قایم و باشی دروست کرد بەچەشنێ تەواوی متمانەمان پێ ی هەبوو کە بۆمبی ناپاڵم[1] نەتوانێ زەرەری پێ بێنێ.

---

(١) بۆمبێکی کاولکەر و ڕوخێنەرە لەلایەن کۆمپانیای پیشەسازی چەکی سەربازی هیندستانەوە دروست دەکرێ و ئەم بۆمبە بۆمبێکی کۆکوژە چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی یە .ڕژێمی بەعس لە ١٩٧٤\٤\٢٦ لە جەنگی دژ بەشۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا بۆردومانی شاری هەڵەبجەی بەم چەکە کرد کەلەئەنجامدا بەدەیان هاولاتی بێدیفاعی شارەکە شەهید و برینداربوون و چەندان دوکان و خانوبەرەی وێران وخاپور کرد.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە واتە ١٩٨٨/٣/١٣ بارودۆخی شار سەرباری ئەوەی هەرنائارام بوو بەڵكو زیاتر بەرەو نائارامی دەچوو، بەردەوام دەنگی تەقە تادەهات نزیكتر دەبویەوە، ئەو ڕۆژە زۆربەی پیاوان لە نێو كۆڵانەكان و گەڕەكەكاندا گروپ گروپ لەدەوری یەك كۆدەبونەوە و بەنیازی بەدەستخستنی هەواڵی نوێ سۆراخیان دەكرد . سەبارەت بەگوزەراندنی كاتەكانی لەم ڕۆژەدا كامەران دەڵێ : من لە كردنەوەی قوتابخانە بێ هیوابووم وەك بڵێ ی دڵم خەبەری دابێت دەمزانی جارێ تر مەكتەب ناكرێتەوە، ئەو كاتە من قوتابی شەشەمی سەرەتایی بووم، هەرلەماڵەوە بووم نەدەچومە كۆڵان لەگەڵ ئەوبرایەی كەلەخۆم بچوكتر بوو (كاروان ١٩٨٠) بەداخەوە ئەویش شەهید بوو، بۆخۆمان لەحەوشەكەدا یان لەژێر زەمینەكەماندا یاریمان دەكرد، (ڕێبوار ١٩٧٣ – ڕزگار ١٩٦٩) ئەو كاتە گەنج بوون كەمتر دەهاتنەوە ماڵ بەردەوام لەكۆڵان و ناوبازاڕدا بوون بۆئەوەی هەواڵێكیان دەستكەوێت.

شەوی ١٣- ١٤ ی مانگ ئیتر دایكم (سەلما محمد شەریف) كە كابانی ماڵ بوو، بڕیاری دا جێگای خەوو و سفرەی خواردنمان بباتە ژێرزەمینەكە، ئیتر لەو نێوارەوە ئێمە ژێرزەمینەكەمان كردە شوێنێكی ئارام بۆ خۆمان . من و كاروان ی برام لەبەرئەوەی منداڵ بوین، ئاگادار كرابوین كە نابێت جموجوڵ بكەین بۆیە ئێمە زۆربەی زۆری كاتەكان هەرلەژێر زەمینەكەدا

بوین مەگەر تەنها ئەوکاتانەی بچوینایە بۆ سەر ئاو. گەورەکان بۆیان هەبوو بچنە دەرەوە بێن و بڕۆن، ئەوشەوە تارادەیەك ترسێکی وامان نەبوو بۆبەیانی شەڕ زیاتر گەرم بوو، بەهۆی ئەوەی دەنگی تەقەو تۆق زیاتر نزیك بوبویەوە لەشار هەندێك لەو ماڵە دراوسێیانەمان کە ژێر زەمینیان نەبوو هاتنە ژێر زەمینەکەی ئێمە وەك (ماڵی حمەسەعی کەبابچی و ماڵی دادەشەمسەو کچ وکچەزاکەی دووماڵی تر کە تازە هاتبونە گەڕەکەکەمان کرێچی ماڵی کاك حمە سەعی بوون . لەگەڵ لەتیفی پورزام کە خوشکەزای باوکم بوو، ماڵیان لە سیروان بوو بەهۆی ئەوەی لەهەڵەبجە دوکانی ڕۆنگۆڕینی سەیارەی هەبوو لەلای ئێمە دەمایەوە ، ئەمانە هەموویان لەگەڵ ئێمەدا لەژێرزەمینەکەماندا هەم نانمان دەخوارد هەم تێدا دەخەوتین. ئەو چەند ڕۆژ و شەوە ئێمە بەردەوام هەر لەنێو ژێرزەمینەکەدا بوین، ڕۆژی ٢\١٥ شەڕ زۆر گەرم بوو هێندەی نەمابوو بگاتە ناو ناوەندی شارەکە بۆردومانی تۆپە دورهاوێژو هاوەنەکانی سوپای ئێران هەموو شوێنێکی شارەکەیان کردبویە ئامانج، لەبەرئەوەی من لەگەڵ کاروان ی برام دا هەمیشە لەژێرزەمینەکەدا دەماینەوە و نەدەچوینە دەرەوەی ژێرزەمینەکە یانی حەوشەی ماڵەوە بۆیە کەمتر ئاگاداری هەواڵی شەڕەکەبووم، ئەو هەواڵەشی دەمزانی لەڕێ گەورەکانەوە بوو واتە ئەوانەی تەمەنیان گەورەتر بوو زۆربەی کات لەژێرزەمینەکە دەچونە دەرەوە و دەهاتنەوە. دوای

نیوەڕۆیەکی زوو یانی بەرلەبانگی عەسر بەیەکجاری دەنگی ئەو تەوق وتۆقەی کەپێشتر هەبوو نەما، زۆر کەم بویەوە. نایەتەوە یادم و بەبیرم نایەتەوە یەکێك لەبراکانم نازانم ڕزگار بوو یان ڕێبوار خۆیکرد بەژێرزەمینەکەدا و ووتی : شەڕ تەواو بوو . هەڵەبجە گیراو درابەدەستەوە .زۆربەی ئەوانەی لەنێو ژێرزەمینەکەدا بوون هاتنە دەرەوە، بەلام من و کاروان هەر دوو بەدوو لەژێر زەمینەکەداماینەوە .

ئەو ئێوارەیە باوکم لەگەڵ کاك عوسمانی کۆزاد و کاك حەمە سەعیدی کەبابچی و وەستا محمودی سەروپێ، بڕیاریان دا بچنە دەرەوەی شار، یانی هەر هەموو خێزانەکان بەیەکەوە بڕۆن و بەشێوەیەکی کاتی لەناو هەڵەبجە دووربکەینەوە تا بزانین بارودۆخەکە چۆن دەگوزەرێت و چارەنوسمان بەکوێ دەگات.بەلام ئەو شوێنەی کە دەبوو بۆی بڕۆین نادیاربوو یانی باوکم و ئەوان شوێنێکی تایبەتیان دیارینەکردبوو کە بۆی دەڕۆین، ئەوەبوو ئێمە هەر هەمووومان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین، بەرلەئێمە بەچەند سەعاتێك قادری حاجی محمود(*) لەگەڵ کاك تۆفیقی عەلە بەڕانی کەسەیارەی گەورە (سەیارەی بار) ی پێبو، ئەوان لەماڵ دەرچوبون بۆئەوەی لەهەڵەبجە بچنە دەرەوە، ئەو کاتەی ئێمە هەمووومان خۆمان ئامادەکردبوو کە بکەوینە ڕێ. کاك تۆفیق و قادری حاجی محمود گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، باوکم چوەلای کاك قادر و لێ ی پرسی : ئەوە بۆ گەڕانەوە ؟

کاك قادری حاجی محمود[1] ووتی : چواردەوری هەڵەبجە بە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ کراوە و ڕێگەنادەن کەس لەهەڵەبجە بچێتە دەرەوە .

کاتێك باوکم ئەم هەواڵەی بیست، ئیتر بێ ئومێد بوو لەڕۆشتنەکە بۆیە هەرهەمووویان لەو سەفەرە پەشیمان بونەوە و ئێمەش ئەو کۆڵ و کەلوپەلەی پێچابومانەوە دامانناپەوە.

ئەو ئێوارەیە بۆ نانی ئێوارە دایکم هێلکەی کولاوی بۆ حازر کردبوین و هێلکەیەکی زۆری کولاندبوو، تەنانەت بۆ بەرچایی نانی بەیانیش من هەر هێلکەی کولاوم خوارد، کاتێك دوای بەناو لێبوردنەکەی ڕژێم[2] و لەدەرفەتێك دا گەڕامەوە هەر هێلکەکان لەناو سەلاجەکەدا مابوون و بۆ گەنیان کردبوو.

---

(١) قادری حاجی محمود، ناوبراو پاش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ی گەلەکەمان ئەویش یەکێك بوو لەو خێزانانەی گەڕانەوە بۆ شاری هەڵەبجە، بەلام بەداخەوە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بێسەروشوێن کراو تا ئێستاش هەواڵێکی لەبارەوە نییە.

(٢) لێبوردنێك بوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە بەرواری ١٩٨٨/٩/٦ پاش وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوو بڕیار بەژمارەکانی (٧٣٦ لە ١٩٨٨/٩/٦)و (٧٣٧ لە ١٩٨٨/٩/٦) لێبوردنێکی بۆ ئەوانەی لە ڕیزەکانی سوپا هەڵهاتبوون و یان ئەوانەی بەهەر هۆیەکەوە بوە وولاتیان جێهێشتوە دەتوانن لەماوەی یەك مانگ دا خۆیان تەسلیم لایەنی پەیوەندیدار بکەنەوە

ئـەو بەیانییـە واتـە سـەرلەبەیانی ١٩٨٨/٣/١٦ مـن لەگـەڵ باوکمدا لەحەوشەی ماڵەکەماندا بوین من لەگەڵ کاروانی برامدا یاریمـان دەکـرد، حەوشـەی ماڵەکـەمان زۆر گـەورەو فـراوان بـوو نزیکەی چوارسەد مەتر چوارگۆشەیەك دەبوو، هەوا خۆرەتـاوێکی خۆش بـوو، ئـەو ڕۆژە شـار هێمن و تاڕادەیـەك ئـارام بـوو، بـەهۆی ڕێبـوار و ڕزگـاری برامـەوە کەئـەوان زوو، زوو دەچـونە دەرەوە هـەواڵی ناوشـاریان بۆمـان دەهێنایـەوە و ئێمـەیان لـە هەواڵـەکان ئاگـادار دەکـردەوە .بـەپێ ی هەواڵـەکانی ئـەوان ئـەو بەیانییـە تاڕادەیـەك هەنـدێ لـە کاسـبکاران دوکانـەکانیان کردبویـەوە و هاووڵاتیـانیش بـۆ کـڕینی پێداویسـتی لـەبازاڕدا بـوون بـەڵام وەك ڕۆژانـی پـێش شـەڕەکە نـەبوە، هەرچـەندە بـەهۆی بڵاوبونـەوەی هێزی پێشـمەرگە و بەشـێك لەسـوپاکەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لەنێو شارەکەدا، خەڵکەکە زیاتر هەستیان بە مەترسی و نائـارامی دەکرد .

باوکم لەحەوشـەکەدا، لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، ئێمـەش بۆخۆمان سەرقاڵی یاریکردن بووین نـازانم چـەند بـوو، ئەوەنـدە دەزانم کاتژمێرێك کەم یـان زیـاتر ماینـەوە، بـاوکم هەرئەوەنـدەی لەسـەر کورسـییەکە هەسـتا، پارچـە بچـکۆلەیەکی گوللـە تۆپێـك کەوتە سـەر کورسـییەکە، مـن تـا ئێسشـتاش نـەمزانی ئـەو پارچـە گوللە تۆپە لەکوێ وە هاتبوو ؟ بەڵام هەر گەرم بوو .

نزیـك بـە کـاتی نیـوەڕۆ بـوو، دەنـگێکـی مەترسـیدار بـەناو

شارەکەدا بلاوبویەوە، دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان، هەرئەوەندەی گوێمان لەدەنگی فڕۆکە بوو، خێرا و بەپەلە خۆمان گەیاندە ناو ژێرزەمینەکە، دایکم و باوکم لەو کاتەدا هەر غەمی ڕێبوار و ڕزگار ی برام و لەتیف ی پورزامیان بوو، چونکە لەو کاتەدا ئەوان چوبونە دەرەوە، هەر دە دەقیقە پێش هاتنی فڕۆکەکان ئەوان چونە بازاڕ، ئێمە لەناو ژێر زەمینەکەدا بوین (ڕزگار و ڕێبوار و لەتیف)بەڕاکردن خۆیان کرد بە ژێرزەمینەکەدا، لەترساندا هێندە حەپەسابوون هیچیان بۆ نەدەوترا .فڕۆکە جەنگییەکانی سوپاکەی ڕژێمی بەعس بەردەوام بۆردومانی شاریان دەکرد، دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان زۆر ترسێنەر و بێزارکەربوون بەشێوەیەك کەم کەس دەیتوانی خۆی ڕابگرێت .ئەو فڕۆکانە بەشێوەیەك بۆردومانیان دەکرد کە ژمارەیەك فڕۆکە دەهاتن لەگەڵ گەڕانەوەیاندا چەند خولەکێك ماوەیان بوو ژمارەیەك فڕۆکەی جەنگی دیکە دەهاتنەوە و بۆردومانیان دەکرد، بەشێوەیەك بواریان نەدەهێشتەوە بۆئەوەی خەڵکەکە بوارێك یان فرسەتێك بقۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لەشارەکە هەڵبێن و ڕوبکەنە شوێنێکی ئارام ولە مەرگ هەڵبێن .بۆردومانەکە بەردەوام بوو، ژێرزەمینەکەمان هێندە تۆکمە و قایم بوو ترسمان لەو بۆردومانە نەبوو، چەند جاری تر بۆردومانی شار کراوە، بەلاَم ئێمە ماڵمان بەجێنەهێشت بوو جاربەجارێ کە هەندێ لەبۆمبەکان دەکەوتنە زەوی دەنگێکی زۆر کەمیان هەبوو لای

زۆربـەمان وابـوو کـە ناتەقنـەوە، بەتایبـەت بەتەمەنـەکان دوعـای خێرییـــان دەکـــرد و دەیـــانووت شـــوکر بۆخـــودا ئەمـــەیان نەتەقییەوە.بەڵام دەنگی زۆر گەورەی بۆمبە تـەقیوەکان کـەنزیك لەماڵی ئێمە دەتەقینەوە تەواو بێزاری دەکـردین، ئێمـە بـەخاتری ئـــەوەی پارچـــەیە بـــەرد یـــان پاشمـــاوەی بۆمبـــەکان نەیەنـــە ژێرزەمینەکـــەوە بـــاوکم دەرگـــای ژێرزەمینەکـــەی داخســـتبوو، ژێرزەمینەکە زۆر قەرەباڵغ بوو زیاتر لە سی (٣٠) کەسی تێدا بوو بۆیە لەبەر هەواگۆڕکێش ببوایە جار بـەجارێ بـۆ ماوەیـەکی کـەم دەرگـای ژێرزەمینەکـە دەکرایـەوە . ڕێبـوار و ڕزگـار ی بـرام زۆر چاونەترس بوون سڵیان لەهیچ نەدەکردەوە، بۆیە لایان گرنـگ بوو بـزانن چـی ڕویـداوە یـان چـی ڕودەدات، توانیـان سـودلەو ماوەیـە وەربگـرن کـە فڕۆکـەکان دەگەڕانـەوە، لـەو کاتـەدا ڕزگـار و ڕێبـوار پێکـەوە هـەردووکیان لەژێرزەمینەکـە چـونە دەرەوە، هێنـدەیان پێنەچـوو هـەر چـەند دەقیقەیـەك بـوو بەپەلـە هاتنـەوە ژێرزەمینەکـە و ووتیـان ،باوکـە بۆردومانەکـە هەرناوشـار نییـە بەڵکو فڕۆکەکان بەهەر چوارلای هەڵەبجە دا بۆردومـان دەکـەن . کاتێـك بـاوکم ئـەو هەواڵـەی بیسـت ووتـی : لێـرە دەمێنینـەوە و ناچینە هیچ جێگەیەك، ژێرزەمینەکـە زۆر مەحکەمـە، وەك بڵـێ هەربۆئـەوەی غیرەتێـك بداتـە هـەمووان ووتـی : مەگـەر هـەرخۆم بزانم وەستا عوسمـان (مەبەسـتی لەوەسـتا عوسمـانی کۆزاو بـوو) چۆن ئـەم ژێرزەمینـەی دروسـت کـردوە. بۆردومـان هەربـەردەوام

بوو، ئێمەش هەر لەنێو ژێرزەمینەکەدا بوین . بۆردومان تادەهات بەردەوام بوو، بەڵام بەپێچەوانەوەی سەرەتای دەستپێکردنی بۆردومانەکە زیاتر دەنگی ئەو بۆمبانە دەهات کە لەگەڵ تەقینەوەیان دەنگێکی کپیان لێوە دەهات، بۆنێکی ناخۆش، زۆر ناخۆش، لەنێو ژێر زەمینەکەدا بڵاوبویەوە، من خۆم هەستم بۆ بۆنی سێو دەکرد، لەنێو ئەوانەی لەژێر زەمینەکەدا بون بویە موناقەشە و گفتوگۆکردن، تادەهات زیاتر بۆنەکە بڵاودەبویەوە بۆنی سێو، بۆنی سیر، گەورەکان دەیانزانی ئەم بۆنە نیشانەی تەقاندنەوەی بۆمبی کیمیاوییە چونکە پێشتر زانیارییان لەسەر چەکی کیمیاوی هەبوو[1]. تا ١٩٨٨/٣/١٦ چەندین گوندو ناوچەی دیکەی هەرێمی کوردستان ی بەچەکی کیمیاویی بۆردومان کردوە.

کەزانرا ڕژێمی بەعس چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە، هەموو شڵەژان، بوبە هاوار و گریان و قرە قڕ، باوکمم بینی دەگریا، بەڕاستی بۆ من ئەو دیمەنە زۆر سەرنجڕاکێشەر و کاریگەر بوو،

---

(١) چەکی کیمیاوی: ڕژێمی بەعسی عێراق بەر لەبۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بەبۆمبی کیمیاویی یانزە مانگ لەوەو بەر واتە لە ١٩٨٧/٤/١٥لەپارێزگای سلێمانی گوندەکانی (هەڵەدن، چاڵاوە، کانی توو، سەرگەڵو، بەرگەڵو، ناوەژێ، سیروان، نوڵچکە، چنارنی، شاخی گۆجار) کیمیاباران کران ولەئەنجامدا بەدەیان کەس بوونە قوربانی وە ڕۆژێك دواتر لەپارێزگای هەولێر چەند گوندێکی تر وەك (بالیسان، شێخ وەسانان، کانی بەرد، زنجیرە چیای دەرشیر، زینی بەڵلوکاوە، ناوچەی ساوسێوکان.

ئەوە یەکەمجار بوو کە ببینم باوکم بگری، گەورەکان هەموویان دەگریان، بەلاّم گریانەکەی باوکم بەلای منەوە زۆر کاریگەر بوو .من تاسابووم نەمدەزانی چی بکەم، هەرسەیری ئەوانم دەکرد، سەیری گەورەکانم دەکرد دەگریان، سەیری باوکمم دەکرد دەگریا، سەیری ژنەکان، سەیری منالّەکان ئەوانە هاوارو نالّەیان دەگەیشتە دواتەبەقەی ئاسمان واتە کەشکەلانی فەلەك، تاکە کەسێك لەنێو ژێرزەمینەکەدا بێدەنگ مابویەوە من بووم، تەنها لەوەزعەکەم دەڕوانی .

دەنگە دەنگ و غەلّبە غەلّبی نێو ژێرزەمینەکە کەشێکی ترسێنەر و تۆقێنەرێکی وای دروستکردبوو بێ لەمردن بیرت لەهیچی دیکە نەدەکردەوە.

دایکم کارزانی لەباوەش گرتبوو، تارادەیەکی زۆر باش بەسەرخۆیدا زالّ بوبو، هەرچەندە کارزان (١٩٨٦) بەردەوام دەگریا، دایکم لە ژێرزەمینەکە چوە دەرەوە کەهاتەوە سەتێلێکی پڕلەئاوو چەند پارچە پەڕۆیەکی لەگەلّ خۆیدا هێنایە ژێرزەمینەکە، بەپەلە پارچە پەڕۆکانی بەسەرماندا دابەشکرد من فانیلەیەکی ژێرەوەم بەرکەوت، پارچە پەڕۆکانی بەتەڕکراوی پێداین بۆئەوەی دەموچاومانی پێ تەڕبکەین، ئەوان بیستبویان لەکاتی تەقینەوەو بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاویی پێویستە وەك خۆپاراستن سوود لەئاوو پەڕۆی تەڕ وەربگریت تا چەکە کیمیاوییەکە کەمتر کاریگەریی خۆی دابنێت.هەموو سەرقالّ و

مەشــغولی ئــەوە بــووین پــەرۆکانمان تــەڕ دەکــردو دەموچــاوی خۆمانمان پێ تەڕ دەکرد، بۆمبێـك زۆر لـەنزیك ئێمـەوە تەقیـەوە، لەپشت ماڵی کاك حسێن (مەبەست لە حسێن چکلێت)ە کە مـاڵی کـاك حسـێن بەپشـت مـاڵی ئێمـەوە بـوو، دەنگـی تەقینەوەکـە زۆر نزیـك بـوو، زۆر ترسـاین، یەکسـەر ڕێبـواری بـرام لەژێرزەمینەکـە چـوەدەرەوە، ڕێبـوار لەهـەمووومان زۆر ووریـا و چوسـت و چـالاکتر بوو، دەیوست هەواڵێك بزانێ .بزانێت چی ڕودەدات یـان ڕوی داوە بۆئـەوەی بـەپێ ی توانـای خـۆی هاوکـاری بکـات .بـاوکم و دایکـم زۆری لێپاڕانەوە کەنەڕوات، بەڵام ئەو هـەرگوێ ی بەپاڕانەوەکـەی بـاوکم و دایکـم نـەدا و ڕۆشـت، ڕێبـواری بـرام ڕۆشـت، چـاوەڕێمان دەکـرد زوو بێتـەوە بۆئـەوەی هـەواڵێك بـزانین کـە چـی ڕویـداوە نزیکەی دە تا چارەکە سـەعاتێکی پێ چوو، هەر نەگەڕایەوە، بۆیە دایکــم هــەر لەژێرزەمینەکــەوە چــەند جارێــك بــانگی لێکــرد ...بەداخـەوە ڕێبـوار هـیچ وەڵامێکـی نـەبوو . بۆیـە ناچـار دایکـم بڕیارێدا لەژێرزەمینەکە بچێتە دەرەوە بۆ ئـەوەی بزانێـت ڕێبـوار بۆ دەنگی نەماو نەگەڕایەوە، دایکم کارزان ی دانا و ویستی بڕوات بــەڵام کــارزان (کەتەمــەنی نزیــك بــە دووســاڵ دەبــوو) دەســتی بەگریان کرد، گریـانێکی بێـزار کـەر . ناچـار دایکـم کارزانـی کـردە باوەشی و لەژێرزەمینەکە چوە دەرەوە .

بۆنەکــە زیــاتر لــەنێو ژێرزەمینەکــەدا بڵاودەبویــەوە، بەشـێوەیەکی زۆر بێزارکـەر، هەرچـەندە بەبـەردەوامی مـن پـەرۆ

تەرەکەم بەکاردەهێنا ، بەلام تادەهات زیاتر چاوم دەگزایەوە، فرمێسک و ئاوبەچاوانما دەهاتە خوار، وەك چۆن کەسێك بەکوڵ بگری ئاوەها فرمێسك بەچاوما دەهاتە خوارەوە.

هەرئەوەندە دایکم لەژێرزەمینەکە چویە دەرەوە، هێندەی پێنەچوو گوێم لەدەنگی بوو کە هاواری لە ڕێبوار دەکرد (ڕێبوار... ڕێبوار... ڕێبوار)، هەرئەوەندەو ئیتر دەنگی گریانی دایکم کەوتە بەرگوێم،

دایکم بەدەم گریانەوە بە قادرمەکانی ژێرزەمینەکەدا دەهاتە خوارەوە، کارزانیشی بەباوەشەوە بوو لەپڕ بەقادرمەکانا کەوتە خوارەوە، نازانم قاچی هەڵخسیکا بوو یان لەهۆش خۆی چووبو .ئەوەبوو دایکم لەگەڵ کارزانی برا بچکۆلەکەمدا کەوتنە بەردەم دەرگای ژێرزەمینەکە . چەند دیمەنێکی بەسوێ وکاریگەر بوو کەبینیم، بەداخەوە من لەوتەمەنەدا مەرگی دایکم و ئەو برابچکۆلەیەم بەچاوی خۆم بینی، کە دایکم بەو شێوەیە کەوتە بەردەم دەرگای ژێرزەمینەکە، گریان و قیژەو هاوار بەرزبوویەوە، من تاسابووم، هیچ کاردانەوەیەکم نەبوو، نەك بۆ مردنی دایکم و برابچکۆلەکەم نەگریام بەڵکو لەشوێنی خۆشم نەجولام ، بەئێستاشەوە نازانم بۆ ئەو کاتە وابووم .باوکم و براکانم و خوشکەکەم، بەسەر تەرمی دایکمەوە کەوتنە گریان و شین و شەپۆڕ، ئەوان هەر دەگریان، منیش بێدەنگ بێدەنگ لەباوکم و براکان و خوشکەتاقانەکەمم دەڕوانی هۆشم بەخۆمەوە نەبوو وەك بلێ ی بەنج کرابوبم .

پاش ئەوەی زانیمان دایکم و کارزان و ڕێبواری برام مردن، زۆربەی زۆری ئەوانەی لەژێرزەمینەکەدا بوون بەباوکم و براکان و خوشکەکەشمەوە چونە دەرەوەی ژێرزەمینەکە، بەتەنیا من و ئەوانەی تەمەنیان وەك من بوو کەزۆربەمان منداڵ بوین لەگەڵ دادە شەمسە کە تەمەنی نزیك بە هەشتا ساڵێك دەبوو لەنێو ژێرزەمینەکەدا مابوینەوە .لەدەرەوەی ژێرزەمینەکەدا دەنگی گریان و هاوار و ڕۆڕۆی باوکم و براکانم و خوشکەکەم بەرزبویەوە، پێم وابێت بەسەر تەرمی ڕێبواری برامدا دەگریان، من لەو کاتەدا لەژێرزەمینەکەدا مابومەوە چونکە پێم وترابوو لەشوێنی خۆما جوڵە نەکەم، دایکم ووتی ڕێبوار مردوە، بۆیە پێم وابوو لەحەوشەکە ڕێبوار بەمردووی کەوتوە و باوکم و براکانم و خوشکەکەم بەسەر تەرمی ڕێبوارەوەن و دەگرین، تادەهات، وردە وردە دەنگی باوکم و ئەوانیش کز دەبوو، ئیتر من گوێم لە دەنگی ئەوانیش نەما .ئەوانیش مردن ...منیش هەر لەژێر زەمینەکەدا بەردەوام چاوەکانم فرمێسکیان لێدەهات و دەکزانەوە و تادەهات هەستم دەکرد بەرچاوم لێڵ دەبێت و نابینم. چرکە بەچرکە، تادەهات وەزعم خراپ تر دەبوو، چاوم بەجوانی نەیدەبینی و بەر چاوم لێڵ دەبوو، ژێرزەمینەکە تاریك دادەهات، بێدەنگیەکی سەیر بەسەر ژێر زەمینەکەدا بلاوبوبویەوە بەچەشنێك کەس هیچ قسە و ورتەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، نەمن قسەیەکم دەکرد و نەئەوانیش قسەیەان دەکرد تەنیا ئەوەندە نەبێت گوێم

لەلرغــە لرغــی دادە شەمســـە و چـــەند کەســـێکی تـــری نـــاو ژێرزەمینەکـە دەبـوو.بـەڵام کـەس، هـیچ کەسـێك لەوانـەی لـەنێو ژێرزەمینەکـــەدا بـــوون قســـەیان لەگـــەڵ یـــەکتری دا نـــەدەکرد بەخۆشمـەوە، حەوسـەڵەی قسـەکردنم نـەمابوو، ماوەیـەکی پێچـوو پێم وابێت کاتژمێر زیاتر یان کەمتر دەنگی لرغـەی دادە شـەمسـە و ئەوانی تریش نەدەهاتنە گوێ و دەنگی لرغـە لرغەکـەش نـەما. تـــەرمی دایکـــم و کـــارزان لەبـــەردەم دەرگـــای ژێرزەمینەکـــەدا کەوتوون، بـاوکم و ڕزگـار و ڕێبـوار ودڵخـواز ئـەوانیش لـەدەرەوەی ژێرزەمینەکـــەدا واتـــە لەحەوشـــەی ماڵەکـــەمان مـــردوون و تەرمـەکانیان کـەوتوە (پـاش چـەند سـاڵێك لەئەنجامـدانی تـاوانی کیمیابـارانی هەڵەبجـە لـە ١٩٨٨\٣\١٦ چـەند کەسـێك بـۆ نـەنکم و خاڵۆیاکانمیـان گێڕاوەتـەوە کـە لـەکاتی کیمیابارانەکـەدا لـەکۆڵانی خۆمانـــدا باوکمیـــان بـــەدەم گریـــان و هاوارکردنـــەوە یـــان بڵـــێن بەشێوەیەکی نائاسایی بینیبوو، کە بەشێوەیەك بـابڵێین هـەروەك شـێت هەڵسـوکەتی دەکـرد و دواتـر کـە دیمـەنی شـەهید بـوونی هاوژین و منداڵەکانی بەوشێوەیە بینیوە بـە چـەقۆ خـودی کوشـی کردوە یانی خۆی ئینتحار کردوە) . من لەنزیکەوە تەرمی باوکمم نەبینیوە بەڵام ئەوانە بەوشێوەیە شەهید بوونی باوکمیان بۆمـان گێڕاوەتـــەوە . تادەهـــات ژێرزەمینەکـــە تـــاریکتر دەبـــوو، مـــن هەرلەشـوێنی خۆمـدابووم بـەهیچ شـێوەیەك نـەدەجولام، لەبـەر بێهێزیم لەشوێنی خۆمدا ڕاکشام، بـەردەوام چاوەکانم دەکزانـەوە،

فرمێسك و ئاو بەچاوانمدا دەهاتنە خوار، کەدەستم بەڕوومەتمدا هێنا هەستم کرد پێستی دەموچاوم بلقی کردوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە دانەپۆشرابوون و ڕووت بوون وەك ڕومەتم و دەست و قاچم .(دوای ئەوەی کەزانیم ڕزگاری برام ودایکم و ئەوان شەهید بوون .ئیتر من ئاو و پەڕۆتەڕەکەم فڕێداو بەکارم نەهێنا وابزانم لەدوای ئەوان من یەکجار پەڕۆ تەڕەکەمم بەکارهێنا) .

دەمەو ئێوارە داهات، تادەهات ژێرزەمینەکە تاریکتر دەبوو، بێدەنگیەکی ترسناك بالّی بەسەر ژێرزەمینەکەدا کێشابوو، دەنگی تەقینەوەی بۆمب و ساروخەکان هەر بەردەوام بوو، بەلاّم وەك بلّێ ی تەقینەوەکان دوور تربوون لەماڵی ئێمەوە بۆیە دەنگیان کەمتر بوو لەجاران . نازانم بۆ گوێم نەدەدایە ئەو واقیعە تاڵە هەر نەش دەترسام، هەرچەندە دەمزانی دایکم و دادە شەمسە و چەندی تر لەنێو ژێرزەمینەکەدان و مردوون بەلاّم هەستم بەترس نەدەکرد، وەك بلّێ ی ئەوە ڕۆحیانەتی دایکمە وورەم پێدەبەخشێت وا من بەهیچ شێوەیەك بیر لەترس ناکەمەوە .بەهەر حالّ بەئێستاشەوە پرسیار لەخۆم دەکەم، نازانم بۆ ئەوکاتە نە هەست نە سۆزم نەمابوو ؟ ئەگەر ئێستا دایکم زیندوببێتەوە و جارێکی دیکە بەبەرچاومەوە بمرێت ڕەنگە حالّم تاماوەیەکی زۆر باش نەبێت .بەلاّم واهەست دەکەم لەوکاتەدا لەبەر دووهۆکار من وا هیچ ڕەتدانەوەیەکم نەبوو لەبەر کاریگەری چەکە کیمیاوییەکە و نەمانی هەستی ئینسانیم .

بـەڵێ... دونیـا تادەهـات تاریـك دەبـوو، هەرلەسـەرەتای دەسـتپێکردنی شـەڕەکە بـۆ دووەمـین ڕۆژ تـەزووی کارەبـا لەشارەکەدا نەما ئەمەش هۆکار بوو بۆئـەوەی دونیا تـاریکتر بێت .زۆرم برسی بوو نیوەڕۆش هیچمان نـەخواردبوو، ئـەوە ئێوارەشـی هاتەسـەر .نزیـك بەنیوەشـەو بـوو زۆرم تینـوو بـوو بەچەشـنێ تینویـەتی زۆری بـۆ هێنـابووم، ویسـتم بچـمە دەرەوەی ژێرزەمینەکە، هەستام ویستم بچمە دەرەوە، هەستم کرد سەتڵێك لەبەر قاچم دابوو (ئەو سەتڵە ئاوەی هەر نیوەڕۆ دایکم هێنابووی بۆئـەوەی پارچـە پـەڕۆکانی پـێ تەڕبکـەین) لەژێرزەمینەکـەدا مابویەوە ویستم ئاوەکەی بخۆمەوە .

نازانم چۆن بـوو هۆشمەنـد نـوری کوڕێکی هاوڕێم بـوو مـاڵی نـەنکی دراوسـێمان بـوو، زۆربـەی ڕۆژ لـەماڵی نـەنکی دەمایـەوە و نەدەچویەوە بۆ ماڵی خۆیان یـان بـابڵێین لەگـەڵ نەنکیـدا دەژیـا . بـەنووکی پەنجـەی قاچـی لەسـەتڵەکەی دا و زۆر بـەکزی هـاواری لێمکرد و ووتی :پیسە نەیخۆیتەوە .

ئیتر ئاوەکەم نەخواردەوە، هێندە بێهێز و بێ حەوسەڵە بووم لەشوێنی خۆمـدا ڕاکشـامەوە ..تـا بـەیانی نـازانم چـی بـوە و چۆن ئەو شەوەم لێ ڕۆشتووە .

شـەو تـەواو بـوو، ڕۆژی دواتـر واتـە ۱۹۸۸/۳/۱۷ بەتـەواوەتی تەندروسـتیم تێکچـوبوو، چـاوم زۆر کـزو کـەم دەیبـینی بەتـەواوی بەرچاوم لێڵ بوبو پێستی دەست ودەموچاووم سوتابوو، لەزۆربـەی شـوێن وەك بڵـق هـەڵتۆقیبوو، ئـازارێکی نـاخۆش و بێزارکـەری

هەبوو، زۆر بێهێز بوبووم، لەنێو ژێرزەمینەکەدا هەر ڕاکشابووم نەمدەتوانی لەشوێنی خۆم هەڵسمەوە، دەنگیشم باش دەرنەدەهات وەك بڵێ ی نوسابێت ئیتر نازانم بۆ ؟ لەبەر بێهێزییەکەم بوو یان ؟ نازانم بڵێم چی ؟ دەمێك بوو خۆر کەوتبوو، بەو پێیەی هەستم دەکرد باشتر لە شەو دەبینم، دیارە ئەوەش هۆکاری تیشکی خۆرەکە بوو .گوێم لەدەنگە دەنگ بوو، دیاربوو چەند کەسێك بوون، یانی گوێم لەدەنگی زیاتر لەکەسێك بوو، بەپێ ی دەنگەکەیان گەورەبوون و پیاویش بوون . گوێم لێ بوو یەك ..دوانێکیان بەدەنگی بەرز دەیان ووت ؛ کەسیان نەماون . هەرهەموویان مردوون . دیاربوو ئەوانە تەرمی باوکم و براکانم و خوشکەکەمیان دیبوو، مردبوون ، ئەوان هەموویان پێکەوە و لەنزیك یەکەوە مردبوون و تەرمەکانیان کەوتبوون .بۆیە لایان وەهابوو هەموومان مردووین .من دەنگی یەکێك لەپیاوەکانم دەناسییەوە وەستا محمودی دراوسێمان بوو (مەبەست لەوەستا محمودی سەروپێیە) .هەرچەند هەوڵمدا بانگیان بکەم، نەمدەتوانی هاواریان لێ بکەم و پێیان بڵێم من هێشتا زیندووم و لێرەم لەم ژێرزەمینەدا نەمردووم .بەڵام نەمدەتوانی زیاتر دەنگ هەڵبڕم، هێز وحەواسیشم نەبوو هەڵسمەوە و لەژێرزەمینەکەدا بڕۆمە دەرەوە بۆلایان .ئەوەندەی پێنەچوو دەنگە دەنگەکەی ئەوانیش نەما، دیاربوو لەهەموو شتێك لە مانی ئێمە لە زیندویەتیمان بێئومێد بووبون بۆیە ماڵەکەیان بەجێ هێشتو ڕۆشتن . ئەوان ڕۆشتن ..جارێکی دیکە بێدەنگیەکی ترسانك باڵی

بەسەر ماڵ و ژێرزەمین و حەشەکەماندا کێشابوو، بۆردومان نەبوو دوارو دوور جاربەجارێ دەنگی تەقە و تۆق دەهات بەلام ئەو بۆردومان و تەوق و تۆقەی دوێنێ نەمابوو.

دوای نیوەڕۆکەی هەمان ڕۆژ هەوڵمدا بچمە دەرەوەی ژێرزەمینەکە، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بەڵکو فریادڕەسێك بەفریامەوە بێت، بەلام بەهۆی سوتانی بەشێك لە جەستەم نەمدەتوانی نەهەڵستمەسەرپێ و نەمدەتوانی هەنگاو هەڵبێنم . بۆیە بە گاگۆڵکێ وەك منداڵێکی ساوا زۆربەزەحمەت دەستم بەڕۆشتن کرد، نازانم تەرمی کێ بوو ؟چوم بەسەریدا زۆر ناڕەحەت بووم، بەلام ناچاربووم کە گەشتمە نزیك بەردەرگای ژێرەمینەکە تەرمی دایکم و کارزانی برابچکۆلەم لەبەردەرگاکەدا کەوتبوون، دەبوو بەسەر تەرمی ئەواندا بچمە دەرەوە، بۆیە هەربەگاگۆڵکێ بەسەر تەرمی دایکم و کارزاندا ڕۆشتم، هەرچەندە ئەوەڵجار هەوڵمدا بەسەرتەرمی دایکم و کارزاندا نەڕۆم بەلام نەمتوانی .زۆر بە ناڕەحەت و زەحمەت و ئازارەوە بەسەر قادرمەکانا سەرکەوتم چومە دەرەوەی ژێرزەمینەکە، ناڕەحەتی زۆرم چەشت، زۆر بەزەحمەت هەناسەم بۆ دەدرا . دوانزە پێ پلیکانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا چاوم زۆر خراپ دەیبینی، ئەوەندە لە دەرەوەی ژێرزەمینەکە دوور نەکەوتبومەوە، هەر زیاتر یان کەمتر مەترێك دەبوو چاوم بەتەرمی ڕێبوار و ڕزگاری برام و دڵخوازی خوشکە تاقانەکەم کەوت، ئەوان بەسەریەکدا

کەوتبوون، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دیمەنی چۆنیەتی مردن و کەوتنی دڵخوازی خوشکم بوو کە ئێستاش لەبەرچاومدایە هیچ کاتێك ئەو دیمەنەم بیر ناچێتەوە کە دڵخوازی خوشکم سەری ڕێبواری برامی لەسەر ڕانی دانابوو، دیار بوو دڵخواز بەسەر تەرمی ڕێبواری برامدا گریاوە، ڕێبوار بەرلە ڕزگار وباوکم و دڵخواز و دایکم و هەموویان شەهیدبوبوو .

لەبەرئەوەی ئەو چەند ڕۆژە من هەر لەژێرزەمینەکەدا بووم وئەوێش تاریك بوو، ڕوناکی تیشکی خۆرەکە ئەوەندەی تر ئازاری چاوەکانمی دەدا و زیاتر کاریگەریی لەسەر ڕادەی بینینمی هەبوو، تەواو خراپ دەمبینی لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانم زۆر نەکزانەوە لەدورەوە نزیکەی ١٥ تا ٢٠ مەترێك تەرمی باوکمم بەرچاو کەوت، هەر جلە شینەکانی لەبەردا بوو، بەو جلە شینانەدا ناسیمەوە و زانیم ئەوە باوکمەوە. وەك پێشتر بۆم باسکردیت ئەڵێن گوایە لەبەرئەوەی تەواوی خێزانەکەی مردوون باوکم بە چەقۆ خۆی کوشتوە بەلام من هیچ خوێنێکم پێوە نەبینی .

هەوڵمدا بچمە کۆلان نزیکەی ٢٠ مەترێك لەدەرگای حەوشەی ماڵەوە دوور بووم، زۆر بە زەحمەت و بەو هەموو ئازارەوە هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە نزیك دەرگای حەوشە، ویستم بچمە کۆلان بەلام بەبیستنی دەنگە دەنگێك کە لەکۆلانەوە هات سڵم کردەوە، لەبەردەم ماڵی جەمال مستەفا (مەبەستی لەماڵی کاکە جەمالی مچەی بارام)ە، ماڵیان بەرامبەر

ماڵی ئێمە بوو، لەگەڵ دەنگی دەمەقاڵەکەدا دەنگی هێنانەوەی میلی تفەنگ تێکەڵ بوبو، کە گوێم لە دەنگی میل هێنانەوەکە بوو زۆر ترسام و دەرگاکەم نەکردەوە . هەربۆیە بەو هەموو ئێش و ئازارەوە بەبەردەم تەرمی باوکم و خوشك و براکانمدا گەڕامەوە بۆ ناو ژێرزەمینەکە و بەو پەڕی بێهیواییەوە لە هەمان شوێنی خۆم لەنێو ژێرزەمینەکە دا ڕاکشام .هەرچەندە بۆماوەی دوو ڕۆژ دەبوو بەهیچ شێوەیەك نە نان و نەئاووم نەخواردبوو بەلام بەهیچ شێوەیەك هەستم بەبرسێتی و بەتینوێتی نە دەکرد .

بەوەدا دەمزانی کە شەو دادێ ژێرزەمینەکە وردە، وردە تاریك دادەهات، لەژێرزەمینەکەدا نەدەنگی هەناسەدان، نەدەنگی جولانەوەیە، هیچ دەنگێك نەبوو، کەشێکی سامناك و ترس ئامێز بالای بەسەر ژێرزەمینەکەدا کێشابوو، تادەهات تەندروستیم بەرەو خراپتر دەچوو، هێڵنجم دەدا، بەلام لەبەرئەوەی زیاتر لەدوو ڕۆژبوو هیچم نەخواردبوو وە نە خواردبویەوە بۆیە نەدەڕشامەوە، تەنها ئێڵنجم دەدا . ئەو شەوە لەبەر بێهێزی و ئازاری جەستەم بەتایبەتی چاوەکانم و پیستی دەمووچاو بەشێك لەدەست و قاچەکانم چەند جارێك لەهۆشم خۆم چووم و بورامەوە، بەردەوام ئەو شەوە دەبورامەوە و بەهۆش خۆم دەهاتمەوە .دواجار کە لەپاش ئەوەی نازانم چەندبوو بورابومەوە ؟کە هۆشم وەبەر هاتەوە هەستم کرد کەسێك لەبەردەرگای ژێرزەمینەکەدایە، بەلام نەمدەزانی کێ یە ؟ و چ کارەیە ؟ من

تـەنها ئەوەنـدە هەسـتم هـەبوو کـە دەمزانـی مـاووم هیچـی تـر تەنانـەت نەشمـدەتوانی دەسـتم بەرزبکەمـەوە .گـوێم لەچـرکە چـرکی کامێراکـەبوو، بـەوەدا زانـیم ئـەو کەسـەی لەبـەر دەرگـای ژێرزەمینەکەدایـە کەسـێکی فۆتۆگرافـەرە، بەچـرکە چـرکەکەدا کەمێك هاتمەوە سەرخۆم وەك بلێ ی وەخەبـەر هاتبمـەوە، بـەلاّم چاوم هیچی نەدەبینی . فۆتۆگرافەرەکـە لەبەرخۆیـەوە ورتەیـەکی لێـوە دەهـات لام ڕونبویـەوە ئـەو فۆتۆگرافـەرە نـە کـوردە، نـە عەرەبـە، نەفارسـە، گـوێم لـە جریـوە جریـوەی چـۆلەکەکانی حەوشـەکەمان بوو، زانیم ڕۆژ بوەتەوە، واتە ڕۆژمان کردبویـە ٣\١٨ . فۆتۆگرافەرەکـە هـەر خـەریکی وێنـە گـرتن بـوو، هەرچـەندە هەولّم دەدا بانگی بکەم و پـێ ی بلێم : کە مـن تـا ئێسـتا مـاوم و زینـدووم بەلاّم نەمدەتوانی و دەنگم دەرنـەدەهات، یـەك ..دووجـار هەولّمـدا دەسـتم بەرزبکەمـەوە و نیشـارەتی بۆبکـەم، ئـەمجارەش نـەمتوانی دەسـتەکانم بجولێنم نـەك بـەرزی بکەمـەوە، ئەوەنـدە حالّم خراپ بووبـوو هـەر بەشـێوە مـابووم . ئـەو چـەند ڕەسمێکـی تـری لـەناو ژێرزەمینەکـە گـرت، هەرلەبـەردەرگای ژێرزەمینەکـەدا وەستابوو لەوێوە رەسمەکانی دەگرت، نەهاتە ژوورەوە پاش گـرتنی چـەند وێنەیـەك ژێرزەمینەکـەی بەجێهێشـت و ڕۆیشـت . تائـەو کاتـەش هیوایـەکم لـەلا دروسـتبوبوو کـە فریـاد ڕەسـێك دێـت بەهانامەوە بەلاّم ڕۆشتنی فۆتۆگرافەرەکە تـەوا وبـێ هیـوای کـردم بەچەشنێك ووتم : لەم ژێرزەمینـەدا دەمـرم و کـەس پـێم نـازانێ.

مـن بـەردەوام ئـازارم هـەبوو، تەندروسـتیم زۆر بـەرەو خراپـی دەچوو، سـەرباری ئەوەی ئەو چەند ڕۆژە نـەخواردنم خواردبـوو وەنـە ئاویشـم خواردبویـەوە، زۆر لاوازو بـێ حـەواس بوبـوم، بەردەوام لەهۆش خۆم دەچووم و هۆشم دەهاتەوە .

نـازانم چـەند دوای ڕۆشـتنی فۆتۆگرافەرەکـە بـوو، بـەلام بـەدەنگی کۆمـەلێ کـەس کـە بـە زمـانی فارسـی قسـەیان دەکـرد، هۆشـم وەبـەرخۆم هاتـەوە . ئـەوان کـە بـەزمانی فارسـی دەدوان بـەوەدا زانـیم ئەمانـە ئێـرانین، هەرچـەندە ئەوکاتـە مـن زمـانی فارسیم نەدەزانی بەلام دەمتوانی بە شێوە ئاخاوتنەکەیدا زمـانی فارسـی بناسمـەوە، بەعـەقلی خـۆم وام مەزەنـدە دەکـرد ئەمانـە سەربەسوپای پاسداران بن، نازانم پاسداربوون یان نا بـەلام دواتـر زانـیم کـە ئەمانـە سەربەسـوپای ئێـرانن و سـەربازن و هـاولاتی مـەدەنی نـین، زۆر هەولمـدا بانگیـان بکـەم بـەلام توانـای قسـە و هـاوارکردنم نـەبوو، زۆر هەولمـدا لەوشـێنی خۆمـدا بجـولێم، هەرچـەندم کـرد نـەمتوانی، هەرچـی چۆنێك بـوو، زۆرهەولمـدا و زۆرم لـەخۆم کـرد تـا کـەمێك دەسـتم لەسـەر زەوی بـەرز کـردەوە، ئـەوەبوو زۆر بەهێواشـی دەسـتی ڕاسـتم کـەمێك لەزەوییەکـە بەرزکردەوە .

وەك بلێـی ئـەوان زۆر بـەوردی چـاودێری ئێمـەیان لەژێرزەمینەکەدا دەکرد، لەتەرمەکانیان دەڕوانی بۆئەوەی بـزانن کەسییان بە بریندارى یان بەزیندوێتی بۆ نادۆزرێتەوە . ئـەوەبوو

لەشانسی مندا منیان بەدی کرد، چۆن بوو ؟ ئەوە من بەهیچ شێوەیەك بۆم ڕوننەبویەوە کە چۆن یەکسەر هەستیان بەجولانی دەستی ڕاستم کرد، چونکە من زۆر بەهێواشی دەستم بەرزکردەوە، نەمدەتوانی، زۆر بێهێز بووم، بەهۆی برینەکانمەوە ئازاری زۆرم هەبوو.

ئەوان کە منیان بینی وا دەستم دەجولێ، خێرا هەر چەند لەحزەیەك دەتوانن بلێم هێندەی هەناسەدانێك زیاتر نا گەشتنە لام، خێرا لەشوێنی خۆم هەڵیانگرتم، دوو کەس بوون، یەکێکیان هەردوو دەست و ئەوی تریشیان هەردوو قاچم یان هەلگرت، لەبەرئەوەی چاوەکانم زۆر ئازارییان هەبوو، بەردەوام فرمێسکیان دەکرد و دەکزانەوە، هیچم نەدەبینی، بۆیە ئەوانیشم نەبینی، لەشوێنەکەی خۆم هەڵیانگرتم و هەستم کرد لەژێرزەمینەکە هێناومیانەتە دەرەوە، بەوەدا دەمزانی لەحەوشەی ماڵەکەماندام هەستم بە هەڵمژینی هەوای پاك، پاکتر لەهەوای ژێرزەمینەکە دەکرد، دەمزانی ڕۆژە بەلام نەمدەزانی چ کاتە هەرئەوەندە نەبێت ئەمزانی ڕۆژی هەینی یەو ٣\١٨یە چونکە بەرواری ٣\١٦ ڕۆژی چوارشەممە بوو . پاش ماوەیەکی کەم لەحەوشەی ماڵەوەش هەڵیانگرتم و بردمیایە دەرەوەی ماڵ واتە بردمیانە کۆلان دیاربوو لەوێ سەیارە ئامادەبوو بۆیە لەدوای سەیارەیەك سواریيان کردم کە پڕبوو لە خەلکی بریندار سەیارەکە لەچەشنی پیکاب بوو واتە سەیارەی بار بوو، برینداریکی زۆریان سوار

کردبوو، هەر هاواریان دەکرد، ئەوانیش وەك من ئازارییان زۆربوو هەریەکەی بەچەشنێ داد و بێدادی بوو . سەیارەکە کەوتە کار و بە کۆلان و شەقامەکاندا ڕۆشتین لەهەر جێیەك برینداریکیان ببینیایە ڕاستەوخۆ سوارییان دەکرد، بەم دواییە بۆم دەرکەوت ئەوانە تیمی تایبەت بە فریاگوزاری بریندارەکان بوون، لەزۆر شوێن سەیارەکە دەوەستا، برینداریکی زۆریان لەگەڵ خۆیان سەرخست بەچەشنێ شوێنمان ناڕەحەت بوو، بەشێوەیەك من لایەکی جەستەم لەژێر جەستەی برینداریکی تردا بوو، بێئەوەی بزانین ئەم سەیارە بۆکوێ دەڕوات نزیکەی چەند سەعاتێك کەوتە ڕێ، تەواو لەڕێ ڕۆشتنی ئەم سەیارە و بەم شکلە کە من لەناو سەیارەکەدا بوو زۆر بێزاربووم، پاش ئەو هەموو سەعات ڕۆشتنە گەشتینە شوێنێك گوێمان لە دەنگی هیلکۆپتەر بوو، سەیارەکەمان لە جێگەیەك دا وەستا، دەستیان کرد بە داگرتنی ئێمە ، ئەوەندەی من ئاگام لێبوو لەکاتی داگرتنمدا لەهۆش خۆم چووم تا لەنێو هێلیکۆپتەرەکەشدا بووم هەر هۆشم بەخۆمەوە نەبووبوو، کاتێك بەئاگاهاتمەوە لە حەمامێکدا خۆم بینییەوە بە دووشێك ئاودەکرا بەسەرمدا، نەمدەزانی کێ ؟ یارمەتیدەرمە لەئاوکردن بەخۆمدا چونکە من نەمدەتوانی تەنانەت دەستەکانیشم بجولێنم، سەبارەت بەحەمامەکە لەبەرئەوەی چاووم هیچی نەدەبینی نەمدەزانی ئەم حەمامە تایبەتە یان گشتییە من بە بەهۆی غازی خەردەلەوە کە غازێکی سوتێنەرە

ڕێژەیـەکی زۆر لەجەسـتەم سـووتابوو، ئەمـەش وای کردبـوو تـا نزیکەی دوومانگیش نەمدەتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی بڕۆم .

دەمویست بزانم ئەم شوێنەی منی تێدام کوێ یە ؟

بۆیە پرسیارم کرد پەرستیارێکی کوردی لێ بوو ئێرانی بـوو ووتی : ئێرە خەستەخانەی کرماشانە. هەرئەوەندەی ووت ، ناوی خەستەخانەکەی نەووت. منیش هیچی تـرم نـەووت بـەلاّم ئـەوەم بۆ ئاشکرا بوو کە من لە کرماشانم.

پاش ئـەوەی شـۆردمیان، تیمـار و تـەداوییان کـردم، بردمیانـە هـولێکی گـەورەوە بـەوەدا دەمزانـی هـۆلێکی گەورەیـە، کـە دەنگـە دەنگێکـی زۆری تێـدا بـوو، بـیرم دێـت لـەنێو قاعەکـەدا خـاتوو ڕوخۆش ی باقی چایچی گوێ ی لە دەنگم بـوو ناسـیمیەوە، بـانگی لێکردم ووتی : کامـەران گیـان ئـەوە تـۆی ؟ مـالّی خـاتوو ڕوخـۆش دراوسێمان بوو . من توانای قسـەکردنم نـەبوو، نـەمتوانی وەلاّمـی خـاتوو ڕوخـۆش بدەمــەوە، ئــەوەبوو پــاش کــەمێك هاتــەلام و پارچەیە نانی پێبـوو دایـە دەسـتم بۆئـەوەی بیخـۆم ، ئـیتر نـازانم نانەکەی کە لێم وەرگرت خواردم یان نا، بیرم نایەت.

نزیکەی مانگێك بوویـان زیـاتر پـێم وابێـت ٤٠ ڕۆژێـك لـەوێ واتـە لەهـەمان نەخۆشـخانە بـۆ چارەسـەر مامـەوە بـەبێ ئـەوەی کەسـێك لەبنەماڵەکـەم سـەردانم بکـات یـان هـەواڵێك لـەبارەی منــەوە بــزانن، مــن دەمزانــی تــەواوی ئەنــدامانی خێزانەکــەم لەناوچـوبوون، بـەلاّم هـیچ خەبـەرێك لـەماڵی نـەنکم و خـالّوان و

پورانم نەبوو . لەو ماوەیەدا چاوم کرایەوە، کەمێك شتم دەبینی، بەلام هەرنەمدەتوانی ڕۆشتن بکەم و بجولێم بۆیە بە عەرەبانە هاتوچۆیان پێدەکردم.بەداخەوە جارێکی تر خاتوو ڕوخۆشم نەبینیەوە ومنیش لەو قاعەیەدا نەمام.

ئەو ماوەیە کەلەم نەخۆشخانەیەدا چارەسەرم وەردەگرت باری تەندروستیم لەجاران باشتر بوو، کەمێك باشتر لەجاران چاوەکانم دەیانبینی، هەرچەندە نەمدەتوانی لەسەر پێیەکانم هەلسوکەوت بکەم و هەربەهۆی عەرەبانەوە هاتوچۆم دەکرد . ئەوەبوو لەم نەخۆشخانەیەوە گوازرامەوە بۆ یەکێك لەنەخۆشخانەکانی تارانی پایتەخت، کەدواتر پرسیارم لەناوی نەخۆشخانەکە کرد ووتیان : نەخۆشخانەی شەهید بەهەشتی یە .لەو نەخۆشخانەیەدا نزیکەی دوانزە مندالی بریندار بووین لەدوو ژووردا، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکی ناسراومان وەك سەرپەرشت بەلاوە بێت، تەنانەت من هیچ یەکێك لەو مندالانەم نەدەناسی، تەنیا یەکێکیان نەبێت ئەویش لەبەرئەوەی تا دواجار و دوا ڕۆژی چارەسەرکردن هەرپێکەوە بووین (ئەلوەن عەلی) بوو . لەم نەخۆشخانەیەشدا تا فەترەیەکی زۆر هەرتوانای جولانم نەبوو، وەنەمدەتوانی لەسەر پێیەکانی خۆم هەلسم و دانیشم . ئەگەر بەهەلەدا نەچووبم نزیکەی چوار مانگی تریش لەم نەخۆشخانەیەدا بۆ وەرگرتنی چارەسەر مامەوە .بەڕاستی خزمەتگوزارییەکی کەم وێنەیان پێشکەش دەکرین، هیچ کاتێك

بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەكرین كە ئێمە هەست بە جیاوازییەك بكەین لەنێوان خۆمان و نەخۆشە ئێرانییەكاندا، ئەوەی ماوەیەی كە من لەم نەخۆشخانەیەدا بووم ئەوەی سەرنجی ڕاكێشابووم، مامەڵەكردنی ئەو هاوولاتیە ئێرانیانە بوون كە سەردانی كەسە نەخۆشەكانیان دەكرد مەبەستم خزم و ناسیاوەكانی خۆیانە، سەردانی ئێمەشیان دەكرد، دیاری تایبەتیان بۆ دەهێنااین، زۆر نەرم و نیان بوون لەگەڵماندا، بەپەرۆشەوە لەهەوالّی تەندروستیمانیان دەپرسی، بەشێوەیەك دەتووت لە خێزان و یەك بنەماڵەین، هەرگیز ئەو هەموو موحیبەت و میهرەبانییەیانم بیر ناچێتەوە .

زۆربەی كاتەكان، بەتایبەتی كە لەگەڵ ئەلۆەن عەلی دا پێكەوە بەسەرمان دەبرد، هەمیشە باسی ژیانی داهاتوومان و شاری هەلەبجەمان دەكرد، بەڵێن و گفتمان بەیەكتر دەدا، كە هەمیشە سەردانی یەك بكەین و پەیوەندیمان بەهێز بكەین و چیرۆكی ئەم ڕۆژانە بگێڕینەوە.ئەلۆەن بەرلەمن لەنەخۆشخانە چویە دەرەوە، واتە ئەو بەرلە من چارەسەری بۆ كرا و تەندروستی زۆر باش بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەی كە لە نەخۆشخانەی شەهید بەهەشتی تاران بووم بۆ تاكە جارێكیش نەبووە ڕیكبكەوێت كوردێك سەردانم بكات، یان ڕیمان لە كوردێك بكەوێت، بۆیە تاڕادەیەك فێری زمانی فارسی بووم و ڕۆژانە بەفارسی دەدوام .

ڕۆژێك ئاگادارکرام کە کاتی چونە دەرەوەمە لەنەخۆشخانەو ووتیان خۆت ئامادەی چونە دەرەوە بکە، منیش زۆربەی ئەو دیارییانەی کەلەلایەن هاوڵاتیە ئێرانییەکانەوە لەکاتی سەردانکردنیاندابۆلام بۆیان هێنابووم کۆمکردنەوە ، هەرچەندە گومانم نەبوو لەشەهیدبوونی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم، بەلاّم نەمووت ئەم دیارییانە ئەبەمەوە بۆ کارزان و کاروان ی برام کە هەردووکیان لەخۆم بچوکتربوون . ئەو ڕۆژە لەگەڵ سستەرێك کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە لەنەخۆشخانەکە هاتینە دەرەوە و سەیارەیەکیان بۆ گرتین ..ماوەیەکی زۆر ڕێگامان بڕی، لەڕێگە پرسیارم کرد ووتم : ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین؟

سستەرەکە ووتی : دەچین بۆلای کەسوکارەکەت.

نازانم چەند کاتژمێر بەڕێوەبوین... گەشتینە شوێنێك هەموو چادر بوو ووتیان ئەمە ئۆردوگای سنقرە، لەوێ چوینە جێگایەك پێیان دەووت پرسگەی ئۆردوگا . سستەرەکە لەگەڵ بەرپرسی پرسگەکەدا کەوتە قسەکردن، پاشان لەبلّندگۆی پرسگەکەوە ئاگادارییەکیان بۆ خەلکی ئۆردوگاکە خوێندەوە و ئاماژەیان بەناوی مندا، بۆئەوەی هەرکەس من بناسێتەوە بێت و بمباتە لای خۆی. هێندەی نیو سەعاتێك هەرنەوەندەو زیاتر نا پاش تەواوبوونی بانگەوازەکە کوڕێك هات، من نەمناسی ووتی :

من ئەم کوڕە دەناسم، ماڵی ئەنکی لەئۆردوگای هەرسین [١]ە.

جارێکی دیکە سەیارەیان بۆ گرتین و لەسنقرەوە کەوتینە ڕێ، بەهۆی ئەوەی شارەزای شوێنەکە نەبووم نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆین، لەبەرئەوەشی زۆر ڕاڕابووم و بەردەوام لەغەمی دۆزینەوەی خزمەکانمدا بووم، لەسەر شوێنەکان پرسیارم لەسستەرەکەی هاوسەفەرم نەدەکرد، پێم وابێت بەو ڕێگەیەیدا هاتین ڕۆشتینەوە، ماوەی زیاتر لە دوو سەعات بەڕێوەبوین تا گەیشتە شارێك سستەرەکە ووتی : ئەمە شاری هەرسینە . من سەرێکم بۆلەقاند و هیچی ترم نەووت . تەنها بیرم لای ئەنکم و خال و پورەکانم بوو ، لەدڵی خۆمدا دەمووت تازە من باوك و دایك و خوشك و براکانم لەدەست چووە، بەڵکو ئەمە خوایە ئەو خزمانەشم ئەنکم و پور و خاڵەکانم زیندوبن و بیانبینمەوە .

تۆزێکی تر ڕۆشتین، گەشتینە ئۆردوگاکە ئەمیش بەهەمان شێوەی ئۆردوگای سنقر، چادرگا بوو سەرجەم چادرگانشینەکانی خەڵکی هەڵەبجە بوون. لەسەیارەکە دابەزین و ڕوومان لەچادری بەناو پرسگەکە کرد، پاش کەمێك حەسانەوە سستەرەکە لەگەڵ بەرپرسی پرسگەکە کەوتە قسەکردن و ناوی سیانی منی دایە بەرپرسەکە، ئەویش بەهۆی بڵندگۆی پرسگەکەوە بانگەوازی خەڵکەکەی کرد و لەبونی من ئاگاداری کردنەوە.

---

(١) ئۆردوگای سنقر و هەرسین : دوو ئۆردوگای تایبەت بە خەڵکی هەڵەبجە بوون و بەناوی شاری سنقر کلیانی و هرسین ەوە ناونرابوو، ئەم دوو شارە سەربەپارێزگای کرمانشانن.

ماوەیەکی پێچوو، پێم وابێت نزیکەی چارەکە سەعاتێك دەبوو، خەڵکێکی زۆر هاتنە بەردەم پرسگەکە بۆ بینینی من لەگەڵ خەڵکەکەدا پورە توباو خاڵە عبدالرەحمن و منداڵەکانیان هاتبوون، کاتێك پورە توبام چاوی بەمن کەوت بەگریانەوە گرتمیە باوەش بەکوڵ بەسەرمدا دەگریا، خاڵم خاڵە عبدالرەحمانیش بەهەمان شێوەی پورە توبام دەگریا، من تاسابووم، تەنیا لەخەڵکەکە و پور و خاڵمم دەڕوانی، کە بینیم نەنکم یان لەگەڵدا نییە تەواو نیگەران بووم لام وابوو نەنکیشم نەماوە، بەلام کە پورە توبا ووتی نەنکت لێرە نییە ئیوارە دێتەوە، سەرباری ئەو وەزعە ناخۆشە، دڵم زۆر خۆش بوو، هەستم بەئاسودەیەکی زۆر خۆش کرد، هەر بەدەم گریانەوە من بەباوەشی پورە توباوە بووم، پرسگەکەمان بەجێهێشت و چوین بۆ خێمەکەی ماڵی پورە توبام .

خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ لامان لەخێمەکەدا لەدەورم کۆبوبونەوە، زۆربەی زۆریان بەدەم سەیرکردنەوە و ڕوانیین لەمن دەگریان، دیمەنێکی زۆر سەخت و کاریگەر بوو، منیش لەگەڵ ئەوانا دەستم کرد بەگریان، لەڕۆژی ٣\١٦ وە تائەو ساتەوەختە من نەگریابووم، ئەو هەموو ئێش و ئازارەم هەبوو هەر نەگریابووم، تەرمی دایك و باوك و خوشك و براکانم بەچاوی خۆم بینی بەلام هەر نەگریابووم ، بەلام دوای ئەو هەموو ماوەیە منیش هۆشم هاتەوە و دەستم کرد بەگریان.

هەر ئەو رۆژە نەنكم و خالە نصرالدینم هاتنەوە، كە منیان بینی نەنكم نازانم چۆن شا مەرگ نەبوو، بەڕاستی ئەوە نەنكم بوو توانی من هەست بە بێ باوكی و بێ دایكی خوشك و بێ برایی نەكەم و ئەو هەموو بۆشاییەم بۆ پڕبكاتەوە. ئیتر من لەوێ لەگەڵ نەنكم و خالە نصرالدین دا دەژیام.ماوەیەك لەو ئۆردوگایە ماینەوە، تا ئەو رۆژەی رژێم بڕیاری بەناو لێبوردنی گشتی دەركرد بۆ تەواوی ئەو هاوولاتیانەی لەسەربازی دواكەوتون و یان هەلاتوون یان وولاتیان بەجێهێشتووە كە بەبڕیاری ٧٣٦ و٧٣٧ ناسراوبوو ، ئەم بڕیارە بە نزیكەی مانگێك دوای ئاگربەست و ریكەوتنی هەردوولا بۆ وەستان و كۆتایی هێنان بەشەڕی هەشت ساڵەی ئێران - عێراق لەلایەن بەناو سەركردایەتی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراقەوە ڕاگەیەنرا .منیش لەگەڵ نەنكم و خالم وەك زۆربەی ئەو خێزانانەی ئۆردوگایان بەجێدەهێشت و دەگەڕانەوە ئێمەش بەو ئومێدەی بچینەوە سەر شوێن و زێدی خۆمان گەڕاینەوە. بەلام كە گەشتینە خالی سنووری تەوێڵە تەواوی ئەو دەنگۆیانەی لەئۆردوگا ئەمان بیستن پێچەوانە بونەوە، ئەوەبوو مۆڵەتی دابەزین و پشوودانیان پێنەدەداین بەلكو ڕاستەخۆ كەولپەلەكانمان لەسەیارە ئێرانیەكەوە بە خۆمان دەگوازستەوە بۆ ناو سەیارەی سەربازی عێراق، ئەو كاتە هەر لە تەوێڵەوە تا ناحیەی عەبەت كە ڕوبەرێكی زۆر فراوان بوو بەناوچەی قەدەغەكراو ناسێنرابوو بۆ هیچ هاوولاتیەكی مەدەنی نەبوو سەردانی بكات.

هـەر ئـەو ڕۆژە لەسـەر سـنورەوە بـە سـەیارەی سـەربازی کەوتینە ڕێ، تا لەڕێ، لە پردەکەی زەڵم سـەیردەکەین سـەیارەکە بەرەو سەیدصادق دەڕوات ئـیتر دڵنیا بوین لـەوەی ناچینەوە بـۆ هەڵەبجـە و هەڵەبجـەش چـوەتە نێـو چوارچـێوەی زەوی قەدەغـەکراو. سلێمانیشـمان تێپـەڕان، ئـیتر نەمانـدەزانی بۆکـوێ دەچین ؟ یان بۆ کوێمان دەبەن ؟ ماوەیەکی تر سەیارەکە کەوتە ڕێ بەشـێوەی قافڵە چـەند سـەیارەیەك بـەدوای یەکـەوە بـوون . لەئۆردوگای زۆرەملێ ی باینجان سەیارەکان لادا، دەشـتێکی وەك دەڵێن ڕووت و قـووت ئـەو هـەموو خەڵکە لەسـەر زەویەکـە بـوون بەبێ هیچ جێگەیەك، بەتـەنیا خۆیـان و کەلوپەلـەکانیان، هەرئـەو ڕۆژە (عبـدول عزیـز بـارام) کـە مێـردی پـورم بـوو، هاتبویـە سـەردانمان بۆ باینجان، توانیبوی لەڕێ ی واستەوە لـەو ئۆردوگایـە بمانهێتـە دەرەوە و لـەنزیك مـاڵی خۆیـان لەشـاری سـلێمانی خانویەکمان بەکرێ گرت. ئەو سەرەمە هەڵەبجەییەکان بەتایبـەت ئەوانـەی لـە ئۆردوگاکـانی ئێرانـەوە گەڕابونـەوە ژیـانێکی زۆر سەختیان دەگوزەراند بۆیان نەبوو بـەهیچ شـێوەیەك لـەدەرەوەی ئۆردوگاکانی باینجان و دواتر بەرحوشتر گردەچاڵ [1] ژیان بەسـەر

---

[1] بەرحوشـتر و گردەچـاڵ: دوو ئۆردوگـای زۆرەملـێ بـوون لەسـنووری پارێزگـای هـەولێر کـە بـەزۆری ئـەو هەڵەبجەییانـەی تێـدا نیشـتەجێ کرابوون کە بە بڕیاری ٧٣٦ و ٧٣٧ لـە ئێرانـەوە گەڕابوونـە کـە بـەهۆی

بەرن، ئەگەر سەرانی ڕژێم لەهەر شێوە ژیانێی ئەم خێزانانە ئاگاداربونایە دەستگیریان دەکردن و دەیانبردنە ئەو دوو ئۆردوگایەوە، بۆئەمەش سەرجەم موختاری گەڕەکەکانی شاری سلێمانیان لەهەر کارێکی وا ئاگادار کردبویەوە

بەهەر شێوەیەك بوو، توانیم لە قوتابخانەی بەیان ی سەرەتایی دەست بکەمەوە بە خوێندن لەپۆلی شەشەم، لەوکاتەدا هێشتا کاریگەریی چەکە کیمیاوییەکە بەڕوخسارمەوە دیاربوو، چاوەکانم کزبوون و جەستەم لاواز بوو تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ی گەلەکەمان بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی داوای چارەسەر بکەم، وەك ووتم نەدەبوو بە شێوەیەکی ئازادانە لەناو شارەکاندا خۆمان دەربخەین، بەردەوام بەدەست ئازاری جەستە و چاومەوە گرفتار بووم، هەر لەو ساڵە دا واتە ١٩٩١ جارێکی دیکە ئاوارەی ئێران بوینەوە ماوەی سێ مانگ لەوێ مایینەوە، پاش ئاسایی بوینەوەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە گەڕاینەوە بۆ هەمان ماڵ لەسلێمانی، من هەر لەگەڵ نەنکم و خاڵمدا دەژیام، چەند مانگێك لە سلێمانی مایینەوە دواتر بڕیارماندا بگەڕێینەوە شاری هەڵەبجە و لەوێ بژین، تا ساڵی ١٩٩٨ لەهەڵەبجە مامەوە ، ئەو سەردەمە هەڵەبجە شارێکی وێران بوو، ئاسەواری تاوانەکەی بەسەرەوە بەئاشکرا دیاربوو، بەبیرم دێت لەسەرتاوە زۆربەی فەرمانبەر و کارمەندانی

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە ئاوارە بوبون.

بەشــە خزمەتگوزارییــەکان بــە خۆبەخشــانە بــۆ بنیاتنانــەوەی ژیانێکی نوێ لە هەڵەبجەدا کاریان دەکرد، بەتایبەتی مامۆستایان و کارمەندانی تەندروستی و کارەبا . کە گەڕاینەوە شاری هەڵەبجە من لە قوتابخانەیەکی ناوەندی لەپۆلی دووەمدا دەمخوێند، کە سیمای قوتابخانەی پێوەدیار نەبوو بەکوردییەکەی ژینگەیەکی تەندروست نەبوو بۆ خوێندن بەڵام مامۆستا وخوێندکارەکان ڕۆژانە بەشەوقەوە کاروباری خۆمانمان ڕادەپەڕاند، مەبەستمان بوو ژیان بۆ هەڵەبجە بگەڕێنینەوە .

لەوسەردەمەدا هێشتا باری تەندروستیم هەر خراپ بوو، لەنەوەدەکاندا ژیان لەم شارەدا سەخت بەڕێوە دەچوو سەرباری ئەوەی بەهۆی تاوانی ١٩٨٨\٣\١٦ وە زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، شەڕی ناوخۆش هێندەی تر هۆکاربوو بۆئەوەی زیاتر زیان بەمشارە بکەوێت . بەتایبەت کەسوکاری شەهیدان و بریندارى تاوانی کیمیابارانی شارەکە بە ژیانێکی تەواو دژواردا تێدەپەڕین، هیچ موچەیەك نەدەدرا بۆ باشترکردنی ژیانیان، هەوڵی جدی نەدەدرا بۆئەوەی چارەسەری بەرکەوتوانی چەکی کیمیاویی بکرێت ، بەڕاستی حیزبەکان سەرقاڵی شەڕبوون بۆیەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان، هیچ گەلیان لا مەبەست نەبوو، منیش وەك تاکێکی بەرکەوتویی ئەو چەکە و وەك تاقانەیەکی کیمیابارانی هەلەبجە ڕۆژ بەڕۆژ ژیان و تەندروستیم خراپتر

دەبوو بۆیە بەدوای ڕێگایەك یان شوێنێك دەگەڕام تاكو داهاتووی تەندروستیم و ژیانم باشتر بكەم .

پاش ئەوەی خوێندنی پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی بەشی پەرستیاریم تەواو كرد بەناچاری كوردستان و كەسوكار و هاوڕێیانم بەجێهێشت و لەساڵی ١٩٩٨ وە لەووڵاتی بەریتانیا نیشتەجێ بووم.

یەكەم كارملەووڵاتی بەریتانیا هەوڵدانم بوو بۆ باشتركردنی تەندروستیم، چونكە بەهۆی كاریگەری چەكی كیمیاوییەوە ڕۆژبەڕۆژ تەندروستیم خراپتر دەبوو . توانیم لەنەخۆشخانەكانی بەریتانیا دەستكەم بە پشكنین و چارەسەر وەرگرتن، كە هەتا ئەمڕۆش من لەژێر چاودێری دكتۆری تایبەتدا م هەرشەش مانگ جارێك پێویستە سەردانی دكتۆر بكەم . لەگەڵ ئەوەشدا بەمەبەستی دابینكردنی بژێوی ژیان دەستم بەكار كرد بەتایبەتی بەكارێك كەلەگەڵ تەندروستیمدا بگونجێت. پاش ئەوەی باری تەندروستیم تاڕادەیەك جێگیر بوو لەساڵی ٢٠٠٢ وە لەگەڵ خاتوو شادان عمر ژیانی هاوسەریم پێكهێناوە و خاوەنی كوڕو كچێكین بەناوەكانی (كەڤین و لیڤیا) . وە توانیومە بڕوانامەی ماستەر لەزانستی پزیشكی لەزانكۆی پۆرتسمۆس بەدەست بهێنم و ئێستاش لە نەخۆشخانەی ساوسهامتۆن لەبەشی تاقیگە كاردەكەم.

ئەلبومی وێنەکان



شەهید رزگار نەورۆز

شوێنی شەهیدبوونی دایکم

سەلما محەمەد شەریف

نەورۆز حەیدەر عبداللە

رزگار نورۆز حەیدەر

کاروان نەورۆز حەیدەر

کارزان نەورۆز حەیدەر

دڵخواز نەورۆز حەیدەر

ڕێبوار نەورۆز حەیدەر

کۆی شەهیدەکانی خێزانەکەی کامەران

کامەران نەورۆز

کامەران لەسەر مەزاری خێزانەکەی لە مەزاری شەهیدان

تەرمی ئەندامانی خێزانەکەی کامەران



ئەو ژێرزەمینەی کاتی کیمیابارانەکە کردبوویانە پەناگە

شوێنی شەهیدبوونی دایكو برا بچوكەكەی

نووسەرو کامەران نەورۆز کاتی دیدارە رۆژنامەنووسییەکە

بەرهەمەکانی نوسەر

١- یادگارییەکانی هەڵەبجە	چاپی یەکەم ٢٠٠٤
٢- پانزەوسی و پێنج خولەك	چاپی یەکەم ٢٠٠٨
٣- لەهەلەبجە بوین	چاپی یەکەم٢٠١١
٤- ئەو وێنانەی دنیایان هەژان	چاپی یەکەم ٢٠١١
٥- چوارشەممەی خوێناوی	چاپی یەکەم ٢٠١٢
٦- ٤٨ کاتژمێر	چاپی یەکەم ٢٠١٣
٧- دوای دۆزەخ	چاپی یەکەم ٢٠١٢
٨- بۆتانی دەگێڕمەوە	چاپی یەکەم ٢٠١٣
٩- حیکایەتەکانی مەرگ	چاپی یەکەم ٢٠١٣
١٠- بۆ مێژوو	چاپی یەکەم ٢٠١٧
١١- لەهەڵەبجە بوین	چاپی دووەم ٢٠١٢

بەرهەمەكانی نوسەر
بەزمانی عەرەبی

١-صور التی هزه العالم ترجمه : احمد سلام ٢٠١٣

٢- كنا فی حلبجه ترجمه : جميل قادر ٢٠١٢

بەرهەمەكانی نوسەر
بەزمانی ئینگلیزی

1 - the pictures that provoked the world

ترجمه : زانا علی

ئامادەیه بۆ چاپ :

١- كیمیابارانكردنی هەلەبجه و زمانی ژمارەكان

٢ - دۆزەخی سەر زەوی، دیدار و یاداشتەكانی فۆتۆگرافەری ئێرانی سەعید صادقی.

kamaran nauroz

yadaştakanî şahîd halîk

کەزانرا ڕژێمی بەعس چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە، هەموو شڵەژان، بوو بە هاوارو گریانو ژاوەژاو، باوکمم بینی دەگریا، بەڕاستی بۆ من ئەو دیمەنە زۆر سەرنجڕاکێشەرو کاریگەر بوو. ئەوە یەکەمجار بوو کە ببینم باوکم بگری. گەورەکان هەموویان دەگریان، بەڵام گریانەکەی باوکم بەلای منەوە زۆر کاریگەر بوو. من تاسابووم نەمدەزانی چی بکەم، هەرسەیری ئەوانم دەکرد، سەیری گەورەکانم دەکرد دەگریان، سەیری باوکمم دەکرد دەگریا، سەیری ژنەکان، سەیری منداڵەکان ئەوانە هاوارو ناڵەیان دەگەیشتە دواتەبەقەی ئاسمان واتە کەشکەلانی فەلەك، تاکە کەسێك لەنێو ژێرزەمینەکەدا بێدەنگ مابوویەوە من بووم، تەنها لەوەزعەکەم دەڕوانی.

îbrahîm hawramanî